# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٥ ▌ پێنج شەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ _ ٥ی نوامبری ٢٠٢٠


دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


### خالید عەزیزی ڕوو لە سەدری‌ئەعزەمی ئوتریش:




داوا دەکەم شەخسەن بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو هەوڵ بدەن، ئاکامی لێکۆڵینەوەی ئەو تیرۆرە ڕابگەیەنن و تاوانبارانی ئەو جینایەتە بە بیروڕای گشتیی جیهانی بناسێنن. (ل ٣)

### ڕاخوشینی ئەستێرەیەک



بێ‌گومان ئەوەی جەلال مەلەکشای بەو ئاستە لە خۆشەویستی و ناسراوی گەیاند، خەڵکی‌بوونی مەلەکشا و بەهەڵوێست بوونی ئەو شاعێرە مەزنە بوو کە لە مەکتەبی «هێمن» دا فێری کوردایەتی و کوردپەروەری بوو. (ل ٤)

# هەوای واشینگتۆن هەرچی بێ، ئاسمانی تاران هەر لێڵە



هێشتا چارەنووسی سەرۆک‌کۆماریی ئەمریکا یەکلا نەبۆتەوە، بەڵام سەرفی‌نەزەر لەوەی ترامپ دەمێنێتەوە یان جۆ بایدن دێ، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی حەز بە مانەوەی دۆناڵد ترامپ ناکەن. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕێژیمی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ئۆباما کەوتە دانوستانەوە و "بەرجام"ی لی شین بوو، لەو سۆنگەیەشەوە هەم سزا ئابوورییەکانی لەسەر هەڵگیران، هەم دۆلارە دەست‌بەسەرداگیراوەکانی بۆ گەڕانەوە؛ ئەگەرچی سەرباری هەموو ئەوانە سفرەی خەڵکی ئێران هەر چووکەتر بۆوە. بەڵام ترامپ "بەرجام"ی بێ‌ئەنجام کرد، سزاکانی سەر ئێرانی -توندتر و بەربڵاوتر لە جارانیش- هێنایەوە جێی خۆیان، ئابووریی ئێرانی دارماند، قاسم سولەیمانیی کوشت، میلیشیاکانی سەر بە ئێرانی دەمکوت و سەرکوت و لاواز کرد؛ بۆیە ڕێبەرانی ڕێژیم لەخوایانە ترامپ نەمێنی بۆوەی ئاسانتر بتوانن بۆ سەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بگەڕێنەوە.

هەر بە لێدوانە ناتەباکانی کەسی یەکەم و دووهەمی ڕێژیمەوە دیارە کە بارودۆخی ئێستای ئێران و هاوکێشەکانی ناوچە تووشی چ شپرزەیی و دەستەوەستانییەکی کردوون. خامنەیی دەڵێ قەیرانە نێوخۆییەکانی وڵات فڕیان بە ئەمریکاوە نییە و حەسەن ڕووحانی و وەزیرەکانی کابینەکەی بەردەوام جاڕی ئەوە دەدەن کە بەرپرسایەتیی هەموو قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات و گرانی و بژیوی خەڵک بەهۆی "ترامپ"ەوەیە.

شتێک کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆی لێ گێل دەکەن ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر دێمۆکراتەکانیش بێنە سەر کار، ئەوا بەو سانایییە ناگەڕێنەوە بۆ بەرجامێک کە لەسەردەمی باراک ئۆبامادا مۆر کرا. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لەلایەک پەرەی بە بەرنامە مووشەکییەکانی داوە و لەلایەکی دیکەش بەرەبەرە پیتاندنی ئۆرانیۆمی گەیاندووەتە ئاستێک کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیی نیگەران کردووە؛ هەربۆیەش لە ئەگەری گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ بەرجامیش، بەرنامە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و زۆربەی ئەو مەرجانەی کە لە ١٢ خاڵەکەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا بۆ کۆماری ئیسلامی دانراوە، دەکرێنە مەرجی نوێ بۆ ئەو ڕێککەوتنە.

هەروەها کێشە کەڵەکە بووەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو بوارەکاندا کە برستی لە گەلانی ئێران بڕیوە، چارەسەرەکەی لەگرەوی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا نییە. ئەوەی خامنەیی باسی دەکا بە لایەکدا دانان بە ڕاستییەکە، کە هۆکاری سەرەکیی بارودۆخی کارەساتباری ئێستای ئێران خودی ڕێژیمە.

لەلایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی کە هەتا ئێستا بۆ نەهامەتییەکانی وڵات و گەمارۆ ئابوورییەکان ئادرەسی کۆشکی سپیی نیشانی خەڵک داوە و خۆی لە بەرپرسیارێتی دزیوەتەوە، لە ئەگەری ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئەمریکاش چیدی نەتوانێ دەنگی کۆمەڵانی خەڵک بەو بیانوویە کپ بکا. هەربۆیەش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئی ئەوە نییە ڕێژیمی ئێران دڵی پێی خۆش بکا.

## هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و چاوەڕوانییەکان

**کەماڵ کەریمی**


ڕۆژی ٣ی نوامبر (١٣ی خەزەڵوەر) دەنگدانی خەڵکی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری ئەو وڵاتە دەستی پێ کرد. ئەم دەنگدانە کە هەر چوار ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ ئەمجارە لە نێو هەراوهوریایەکی تەبلیغاتیی چەند مانگە و گەرمتر لە دەورەکانی پێشوو، بە کۆتا هات. هەرچەند وا دەردەکەوێ جۆزێف بایدن، کاندیداتۆری دێموکراتەکان بەشی زۆری دەنگی ئەیالەتە گرینگەکانی بەدەست‌هێنابێ بەڵام هەتا ئێستا ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردن بە تەواوی ڕوون نیە و وەک باس دەکرێ لەوانەیە لە ئەگەری قبووڵ نەکردنی ئەم ئاکامەی تا ئێستا باسی لێ‌دەکرێ لە لایەن دوناڵد ترامپەوە، پرۆسەکە بەرەو بژاردنەوەی دەنگەکان و تەنانەت بردنی پرسەکە بۆ دادگا بڕوا و کاتی بوێ بۆ ئەوەی بە فەرمی سەرکەوتووی ئەم کێبەرکێیە ڕابگەیەندرێ کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر ئەمریکا و جیهان دەبێ.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا هەمیشە یەکێک لە گەرمترین ڕووداوەکان لە جیهاندا بووە کە میدیای جیهانیی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. ئەمە جگە لەوەی کە ڕێبەرانی سیاسی و شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی گرێدراو بە ژیانی مرۆڤایەتی لە ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهان بە جیددی سەرنجی دەدەنێ و گرینگی دەدەن بە سەرکەوتنی ئەم یا ئەو بەربژێر لە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢




ئایا ئێران بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ؟ ٢-٣



شەڕی ناگۆرنی قەرەباغ و شانسی بابردووی کورد ٦



بۆ خاتری خوا و لەبەر خاتری «ماریان» ٨



جەژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگەی یارساندا ٩



شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ ١١

# ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی ئەدەبی بەرگریی کورد



## (پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا، قەڵەمی دەروەست و شاعیری نەتەوەیی کورد)

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**نووسەران و کۆمەڵگەی ئەدەبیی کورد!**

بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا لە وەرزی وەیشوومەی کۆرۆنادا کە بۆتە خەزانی ژیان، خەمێکی دیکەی لە سەر دڵی کوردستان دانا. خەڵکی خەڵکی کورد بە مەرگی جەلال مەلەکشا، کەسێکی خاوەنی هەست و هەڵوێستی لەدەست دا کە هەتا سەر هەر لەپێناو ئازادی و، بە خەونی سەربەستیی نیشتمانەوە ژیا.

ناوی جەلال مەلەکشا لەمێژ ساڵە کەم و زۆر ئاشنای سەر زاری خەڵکی کوردە و ئەو مرۆڤە هەست ناسک و بەبیروباوەڕە زۆر باش توانی بە خۆ دوورگرتن لە دروشم و بەناسینی جەوهەری شێعر و وێژەی کوردی، زۆر زوو لە نێو دڵی جەماوەری کوردستاندا جێگای تایبەت بە خۆی پەیدا بکا. بۆیە خۆی و شێعرەکانی بوون بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی کوردستان، بەتایبەتی خەڵکانی شۆڕشگێڕ و نیشتماندۆست و لایەنگرانی ئەدەبی بەرگری.

بێگومان ئەوەی جەلال مەلەکشای بەو ئاستە لە خۆشەویستی و ناسراوی گەیاند، خەڵکیبوونی مەلەکشا و بەهەڵوێست بوونی ئەو شاعێرە مەزنە بوو کە لە مەکتەبی "هێمن" دا فێری کوردایەتی و کوردپەروەری بوو. لە وەرچەرخانە مێژوییەکەی کە سەرەڕای ئەوەی توانایییەکی باڵادەستی لە ئەدەب و زمانی فارسیدا هەبوو و ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بوو، مەلەکشا لە سەروبەندێکی هەستیاردا، واتە لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی چەکی قەڵەمی هەڵگرت و بۆ بەرەنگاری لە چەوساوەکان و بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەران لە سەنگەری نووسین و هەڵوێستدا نیشتە پارێز و گەشەی بە ئەدەبی بەرگری و پاراستنی زمانی کوردی دا.

ناوبراو تەنیا شاعیری ژووری تاکەکەسیی خەونەکانی خۆی نەبوو، هێندە لەگەڵ ویست و خوازی کۆمەڵگە تێکەڵ ببوو کە تاک بە تاکی کورد خۆی و ئاواتەکانی لە شێعرەکانی ئەودا وێنا دەکرد و هەستی بە سوکنایی ڕوحی دەکرد.

مەلەکشای نووسەر و ئەدیب خۆی شاعێر بوو، بەڵام ژیانی ئەو خەونی شاعیرانەی نەبوو، بەڵکوو خەبات و نەسرەوتن بوو لە پێناو خەونی سەربەخۆیی نەتەوەکەی، هەر ئەو دەروەستبوونەوەش بووە هۆی ئەوەی بکەوێتە بەر ڕق و کینی نەیارانی کورد. سەرەڕای ژیانی تاڵ و چارنووسێکی ناساز، ئەو لەگەڵ خۆی و باوەڕەکانی ژیا و هەر لە کەناری خەڵکی خۆی مایەوە و بە هەڵوێستەوە، هەڵبەستی بۆ دڵدارەکەی خۆی کە "کوردستان" بوو هۆنییەوە.

جەلال مەلەکشا بەهۆی بەردەوامبوونی لە کوردایەتی و ئازادیخوازی بوو بە نموونەیەکی زۆر دەگمەن لەو هونەرمەندانە کە هەموان بەدەر لە جیاوازیی بیرورِا خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت و بە ئی خۆیان دەزانی و لە واقعدا بوو بە مۆڵکی خەڵکی کوردستان. بۆیە شەپۆلی بەربڵاوی هاوخەمییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر لەیەکەم چرکەساتی کۆچیدوایی ئەو شاعێرە مەزنەدا دوو وانەی پێیە: یەکەم ئەوەی خەڵکی کورد ڕۆڵە وەفادار و کەسانی فیداکاری خۆیان لەبیر ناکەن و دووهەم وانەش بۆ قەڵەمبەدەستان و نووسەرانی کوردە کە دەبێ مەلەکشائاسا خۆیان و هونەرەکەیان لە خزمەتی گەل و نیشتمان بێ و پێویستە وەک چۆن جەلال مەلەکشا کە شکۆی بە خەبات و نیشتماندۆستی بەخشی؛ ئەوانیش جەلال بکەن بە سەرمەشقی خۆیان.

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان مەرگی جەلال مەلەکشا بە خەسارێکی گەورە دەزانێ و بەبۆنەی دوامالاوایی ئەم ئەستێرە گەشەی ئەدەبی بەرگری و وێژەی کوردی سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری، کۆمەڵگەی ئەدەبی و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکا.

ڕوحی بەرزەفڕ و ئازادیخوازی مەلەکشای تێکۆشەر شاد و، ڕێگا و ڕێچکەی ئەدەبی و هەڵوێستە بوێرانەکانی پڕ ڕێبوار.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١١ی خەزەڵوەری ٩٩ی هەتاوی**

# ئاجێندای بایدن: سەرنجدان بە ئێران

**دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان– ڕیوئێل مارک گەرەشت**


و. کەماڵ حەسەنپوور

ئەگەر جۆ بایدن هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا بباتەوە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست چ دەقەومێ؟ ئورووپاییەکان هیوادارن سەرکەوتنی دێموکڕاتەکان بە مانای گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ بۆ ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥، (بەرجام) لەگەڵ ئێران و، بە هەمان شێوە هەوڵی دڵفراوانە بدەن تا ئێرانییەکانیش بگەڕێننەوە. ئەوان بە هەمان شێوە خوازیاری تێوەگلانی ئەمریکا لە دۆخی ئاڵۆزی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینن. بۆ هەردوو دێموکڕاتەکان و ئورووپاییەکان، ئەوەی بە شێوەی سەرەکی پرسێکی ستراتێژیک بوو (جێبەجێ کردنی گیروگرفتی وڵاتی پیرۆز پێش بە مەترسیی مەزنتر لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگرێ و پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا لە نێو عەرەبان و موسوڵمانان بەهێزتر دەکا) ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو بۆتە پرسێکی ڕەوشتی (دادپەروەریی بۆ فەلەستینییەکان و پاراستنی لیبراڵ دێموکراسی لە ئیسرائیل). زۆر جار بۆ لیبراڵەکان، بنەما ڕەوشتییەکان سەرنجڕاکێشترن تا سیاسەتی واقعگەرییانەی کۆنی بێهێز.

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، کە وێدەچێ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما زۆرتر جەخت لە سەر ئورووپا بکاتەوە، هەوڵ دەدا پێوەندیی دۆستانەی ئەمبەر و ئەوبەری ئاتلانتیک باشتر بکا، لە سەردەمی ترامپدا وێران کراوە. تەنانەت بەربەرەکانی لەگەڵ پیلانەکانی پوتین لە خۆرهەڵاتی ئورووپا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وێدەچێ ببێتە گۆڕەپانێک کە بایدن هەوڵ بدا هاوکاریی هاوپەیمانەکانمان لە ناتۆ بکا.

بەڵام بڵێی سەرۆک کۆمار بایدن لە هەر کام لەو پرسانەدا سەرکەوتوو بێ؟ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە دوای هەرەسهێنانی ڕێژیمی سەددام حوسێن و سەرهەڵدانە مەزنەکەی عەرەبان –کە بە هەڵە وەک بەهاری عەرەبی ناوبانگی دەرکردووە، کە حەوت ساڵ دواتر ناوچەی هێنایە هەژان–خەریکی لێک هەڵوەشانە. وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٩ بەولاوە دەستی بە کشانەوە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کردووە. بێگومان ئەوە بە هاتنی بایدن ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایە. ئەو هێشتا برینەکانی جەنگی عێراقی پێوە ماون کە سەردەمێک بە گەرمی پشتیوانیی لێ دەکرد. وێدەچێ ئەو بودجەی بەرگریی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە، ئەگەرچی هێزی سەربازیی پێداویستییەکی بێ ئەملا و ئەولای ناوچەیە. جگە لە ئێران، ئیسرائیل و فەلەستینییان، لەوانەیە هاتنی بایدن ئاڵوگۆڕی دیکە لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو ناوچەیە لەگەڵ خۆیدا بێنێ و، ئاخۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە بە کردەوە هیچ کاریگەرییەکیان دەبێ؟

لە پێوەندیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، وێدەچێ بایدن هەمان کار لەگەڵ سیاسەتی ترامپ بکا کە ترامپ بەرانبەر بە سیاستی ئۆباما کردی: پێچەوانەی بکا. لێدوانەکانی لە ٢٠١٧ بەولاوە لە لایەن جێگری سەرۆک کۆماری پێشوو و ئەوانی دیکە کە دێنە نێو بەڕێوەبەرایەتییەکەی بێگومان ئەوە نیشان دەدا کە دێموکڕاتەکان هیچ شتێکی باش لەوەی ترامپ کردوونی نابینن. هەموو دان بەوە دادەنێن کە ئابلۆقە یەکلایەنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بە شێوەی بەرچاو سەلماندیان کە کاریگەرتر بن لەوەی کاربەدەستانی سیاسەتی دەرەوەی دێموکڕات، هەموو فرە لایەنەکان، پێیان وابوو مومکینە. بەڵام دێموکڕاتەکان لە پێش هەموو شتێکدا دەیانەوێ پارە و بازرگانی بە سنووردار کردنی ڕێژەیی ناوکی بگۆڕنەوە (کاربەدەستانی ئێرانی لە کاتی خۆهەڵنانەوە ئەوەیان وەک پارە بە زۆر ئەستاندن باس کردووە). ئەوان نایانەوێ ئەو بیرۆکەیەی ترامپ پشتڕاست بکەنەوە کە ناچار کردنی ئابووری ئامرازێکی یەکلاکەرەوەی سیاسییە و ئابلۆقەکانی سەپێنراو بەسەر ئێران، بە تایبەتی لە سەردەمی کۆڤید، لەوە ناشیرینتر بوون کە زۆربەی دێموکڕاتەکان بتوانن تەحەممولی بکەن. ئەوەی ئێستا دێموکڕاتەکان لەبارەی بەیژینگ دەیهێننە ژێر پرسیار، کە زیاد کردنی ئاستی بازرگانی دەبێتە هۆی میانڕەویی سیاسی و، هێشتا لە بارەی تاران بڕوایان پێیە و، خولیای باشتر کردنی پێوەندییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ئاتلانتیک لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی بایدن لەوانەیە کۆتایی هێنان بە گەمارۆکان وەک ئامرازێکی گرینگی سیاسەتی دەرەوە لە هەر شوێنێک کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا–ئورووپا یەک بگرنەوە، سەیر بکرێ.

هەژدە مانگ لە کشانەوەی ترامپ لە بەرجام تێپەڕ بووە و دنیا کۆتایی نەهاتووە. پێشوەچوونە ناوکییەکانی ئێران –ئەگەرچی ڕاستەقینەن– سەرسوڕهێنەر نەبوون. شتێکی خۆشە کاتێک بیر لە دژایەتیی نائاشکرای فەڕانسە بەرانبەر بەو بانگەشەیەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما کە پەیتا پەیتا دەیگوت یان ئەو ڕێککەوتنە یان شەڕ، کە وەک چەکێک دژی دژبەرانی پەلەی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە دیپلۆماسی و پاشەکشە، کەڵکی لێ وەردەگیرا. هەرچۆنێک بێ، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەوڵ دەدا وتەی بێن ڕۆدەز لەبارەی قەیرانی دەستبەجێ بەرۆژ بکاتەوە تا سیاسەتی وتووێژی دووبارە لەگەڵ ئێران بە جەماوەر بفرۆشێتەوە. ڕەنگبێ ئەمە ئێستا دژوارتر بێ، چونکە ڕێژیمی مەلایان زۆر باش دەزانێ کە بایدن دەیەوێ خێرا دەسکەوتێکی گیر کەوێ، پێش کۆتایی دەورەی سەرکۆماریی حەسەن ڕوحانی لە هاوینی ١٤٠٠دا.

بەڕێوەبەرانی سیاسەتی دەرەوەی دێموکڕاتەکان هێشتا وێدەچی گیرۆدەی ئەفسانەی میانڕەو بوونی ڕوحانی بن. بە لەبەرچاو گرتنی تەمەنی زۆری عەلی خامنەیی و خولیای دەستەبەر کردنی سەرکەوتنی سیاسی بۆ تاقمی خۆی پێش مردن و، بە لەبەرچاو گرتنی کەمیی بەربژێری سەرۆک کۆماریی کە دێموکڕاتەکان پێیان وابێ "میانڕەو"ە، کۆشکی سپی و بایدن وێدەچێ هەموو هەوڵی خۆیان بدەن تا ڕوحانی و خامنەیی دەست بە وتووێژ بکەن لە کاتێکدا پێملی زۆربەی مەرجەکانی بەرجام بن (پرسیاری بێوەڵام لە بارەی چەکدار کردن، کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بەتەواوی پشگوێی نەخستووە، وێدەچێ بایدن پاشگوێی بخا).




نیگەرانییەکان لەبارەی مووشەکی بالیستیکی دوور هەنگێو، شەڕانشۆڕیی ناوچەیی، سەرکوتی نێوخۆیی و، تێرۆریزم دیزەبەدەرخۆنە دەکرێن، هەر وەک سەردەمی ئۆباما؟ تەنیا سیاسەتی گۆڕانی کەشوهەوا لەوانەیە ببێتە ڕکەبەری حەزی دێموکڕاتەکان بۆ کۆنترۆڵی چەک وەک ئامانجێک. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئاخۆ سەرۆک کۆمار بایدن حازرە چ تێچوویەک قبووڵ بکا تا تۆنی بلینکەن یان جەک ساڵیوان، ڕەنگبێ ئەو بەربژێرانە بن کە زۆرتر ڕێی تێدەچێ ببنە بەڕێوەبەری سیاسەتی بایدن بەرانبەر بە ئێران، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران موحەممەد جەواد زەریف دانیشن. وێدەچێ کاتێک داهاتووی سیاسیی ئەمریکا ڕوون بۆوە، ئەو لە پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ هەردووکیان دابێ.

ڕێککەوتنێکی نوێ پێویست نییە تا ئێران دەیان میلیارد دۆلاری بدرێتێ، تەنیا وەک نیشانەی "ویستی باش" و خوازیاریی وتووێژی "جیددی" لە سەر خولیا ناوکییەکانی ڕێژیمی مەلایان. تاران وەک بریندارێکی خاوەن وزە، بیر لەوە دەکاتەوە ئاخۆ دێموکڕاتەکان بوێریی ئەوەیان هەیە بەرەوڕووی هیچ ئاکارێکی ئێران ببنەوە کە ناوکی یا ئاشکرا نییە. زۆر وێدەچێ ئەوان ئەو بوێرییەیان نەبێ.

کاردانەوە ناوچەییەکانی پەنجەی درێژکراوی بایدن بەرەو ئێران، لە عێراق، شوێنێک کە جوولانەوەیەکی بەهێزی دژی ئێران لەنێو شیعەکاندا دەستی پێ کردووە، گەلێک زیانبار دەبێ. هیچکام لە دێموکڕاتەکان نەیانویستووە بەئاشکرا ددان بەو شتە حاشا هەڵنەگرە دوای بڕیاری سەرۆک کۆمار ترامپ بۆ کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس دابنێن. سولەیمانی، سەرۆکی سوپای قودس و دووهەمین پیاوی خاوەن دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی بوو؛ ئەلموهەندیس قسەکەری سەرەکیی ناوبراو لە عێراق و فەرماندەی میلیشیای توندئاژۆ بوو. کوشتنی ئەو دوو پیاوە ڕێژیمی مەلایانی بەتوندی لەرزۆک کردووە، سیاسەتی عێراقی بە قازانجی ئەو لایەنانە کە دژی تارانن گۆڕی و، ڕێبەری گەورەی بە شێوەیەکی وەها کاریگەر چاوترسێن کرد کە تا ئێستا خۆی لە تێرۆریزمی ڕاستەوخۆ دژی وڵاتە یەکگرتووەکان بواردووە.

هێرشەکانی کە دواتر لە لایەن میلیشیاکانی عێراق دژی دامەزراوە ئەمریکاییەکان ناخۆش بوون و بێ گومان ترامپیان هان داوە، کە هاندانێکی کەمی پێویستە، هێزەکانی لەو وڵاتە کەم بکاتەوە، بەڵام نەبۆتە هۆی گۆڕانی هەڵوێستی دژی ئێران لە نێو عێراقییەکاندا. لە نێو شیعەکاندا ویستێکی جەماوەریی بەرچاو بۆ کشانەوەی ئەمریکا نییە و، سوننی و کوردیش بە هیچ شێوەیەک بە کوژرانی بوونی سولەیمانی و ئەلموهەندیس دڵگران نەبوون.

نەرمکێشیی بایدن بەرانبەر بە ئێران ژێر پێی ئەو کەسانە بنکۆڵ دەکا کە هەوڵیان داوە بەرژەوەندییەکانی ئێران و عێراق لێک جیا بکەنەوە. نێوان دووئاوان کلیلەی پلانی ئێران لە ناوچەیە، بە تایبەتی لە سووریە، کە بە نۆرەی خۆی بۆ ساخڵەمیی حیزبوڵڵای لوبنان یەکلاکەرەوەیە. لقی عەرەبی دڵخوازی ڕێژیمی مەلایان [حیزبوڵڵا] لەرزۆک بووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە نەزمی سیاسی–ئابووریی لوبنان بە هۆی ناکارامەیی، چاوبرسیەتی و مەزنترین تەقینەوەی ئاسایی لە دوای تەقینەوەی هالیفاکس لە ١٩١٧، تێک ڕماوە. بۆ هاوپەیمانەکانی ئێران واتە عێراق، سووریە و، لوبنان، بایدن دەتوانێ هەوڵی ڕزگار کردنیان بدا یان لانیکەم پێشنیاری کەم کردنەوەی کاتیی ژانەکانیان بدا.

بەڵام لە دەرەوەی عێراق، سەرکەوتنی بایدن لەوانەیە نەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ناوچەیی. دوژمنایەتی ترامپ بەرانبەر بە مەلاکان نەبووە هۆی ئەو ڕاستییە کە، هەر وەک کەسی پێش خۆی، دەیهەویست بە شێوەی بەرچاو بوونی ئەمریکا و بەرپرسیارییەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کەم بکاتەوە. ئەوە بەردەوامیی هەرەسهێنانی هەژمۆنیی ئەمریکا و، ئیمپێریالیزمی ئاشکراتری کۆماری ئیسلامییە، کە ئیسرائیل و عەرەبەکانی کەنداوی لێک نزیک کردەوە. هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل زەرەری بەرچاوی بە هێزە پیادەکانی ئێران و پلانەکانی لە سووریە گەیاندووە. کەس دوای ئەوە کە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل دەستی بە لەبەر یەک هەڵتەکاندنی سپای پاسداران لە سووریە کرد، تێرۆریزمی ئێرانی دیتووە، مووشەک هاویشتنەکانی جار و بار لە غەززەوە نایەنە ئەژمار، کە ئاراستەی دەوڵەتی جوولەکە کرابێ؟) زۆر وێدەچێ، ئورشەلیم هەرگیز چەتری پارێزەری تا خەلیجییەکان بڵاو ناکاتەوە. بەڵام عەرەبە سوننییەکان پێویستیان بە هاوپەیمان هەیە، تەنانەت جوولەکەش. بە شێوەی بێ ئانقەست، هەژمۆنی ئەمریکا کەشوهەوای بێ قرەی بۆ عەرەبی دژە زایۆنیست و پرسی فەلەستینی دەستەبەر کردبوو. لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی ئەمریکا کەم دەبێتەوە، هەموو خەریکی دووبارە هەڵسەنگاندەوەن.

بە ڕاستی ئەوە خامەنەییە کە بڕیار دەدا ئاخۆ بەڕێوەبەرایەتی بایدن هیچ شتێک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بکا. بێگومان ڕێژیمی مەلایان بەو دێرە بەناوبانگەی راد تیدوێل دەست پێ دەکا: "پارەکانم بدەرێ."

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (زۆر لێکردن، سەرکوت و تۆقاندن)


دیلان هەردی

زۆر لێکردن لە زانستی سیاسیدا، بریتییە لە جێبەجێ کردنی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەسەر کەسانی ژێر دەسەڵاتدا. واتا، کردەی ناچار کردنی کەسانی ژێردەسەڵات بە پەیڕەوی کردن لە دەسەڵات، ئەگەر پێویست بکا لە ڕێگای توندوتیژییەوە.

ماکس وێبێر پێی وایە کە، زۆر لێکردن بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو کارگەیەکی زاڵیتی، بۆ سەپاندنی ملکەچی لە لایەن کەسانی زاڵەوە بە سەر کەسانی ژێردەستەوە بە کار دەهێنرێ. ئەو زۆر لێکردنە دەتوانێ زۆریی فیزیکی بێ یان دەستکاریی هزری. سەرکوت بریتییە لە کردەوەیەک کە لە لایەن دامەزراوەیەکی دەوڵەتی وەکوو سوپا، پۆلیس، دەزگای دادوەری، دەزگا زانیارییەکان یان هێزە تایبەتەکانی دیکەوە بەرامبەر بە یەک یان چەندین چین و توێژی کۆمەڵگە وەکوو کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، ئەو بیرمەندانە و نووسەرانەی وەکوو مەترسی دەبینرێن، دژبەرە سیاسییەکان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان، بە مەبەستی مانەوەی ڕێژیم بە کار دێ. شێوەکانی سەرکوت جیاوازن، وەکوو شێوازی توندوتیژی وەک ئەشکەنجە، لەنێو بردنی فیزیکی و بەکارهێنانی هێزی چەکدار لە دژی خۆپێشاندانەکان و هەروەها شێوازی سزادانی یاسایی، وکوو چاودێریی پۆلیسی، هەڕەشەی دارایی، دور خستنەوە لە پۆستە حکوومییەکان، ئازاردان و گوشار بۆ سەر خزم و کەسان. کاتێک ئاستی بەکارهێنانی هێز بەرز دەبێتەوە، پێشگیری دەگوازرێتەوە بۆ تۆقاندن. ڕێژیمە نادێمۆکراتەکان هەوڵ دەدەن وا پیشان بدەن کە بە تیرۆریزمی دەوڵەتی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، ئەوەش تەنیا بۆ بەردەوامبوونی ڕێژیمەکانیانە. ئەو ڕێژیمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن لە دژی ئیرادەی خەڵک دەجووڵێنەوە، بەو حالەش هەوڵ دەدەن ئیرادەی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. ژوان لەنز پێی وایە، ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتداران، ویستی خۆ سەپاندن و پاوانخوازی دەسەڵاتداران و ترسی دەسەڵاتداران لە لەدەستدانی دەسەڵات، سێ فاکتەری سەرەکین کە حکوومەتێکی تۆتالیتەر هان دەدەن سەرکوت و تۆقاندنی بەردەوام لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدا. لە نەبوونی جێگرەوە بۆ دەسەڵات، ڕێژیمی تۆتالیتەر بەردەوام دەبێ لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و خەڵک لە ئازادییەکان بێبەش دەکا. بۆ ئەو جۆرە ڕێژیمانە، ئامانج پاساودەری ئامرازە و هیچ بەربەستێکی یاساییش لە بەرامبەر کار و کردەوەکانیاندا نییە.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە، ئەو زۆر لێکردنەی لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە لە هەندێک چین و توێژی کۆمەڵگەی ئێران دەکرا، لە کۆماری ئیسلامیدا بوون بە گشتی، واتا لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەکرێ. هیچ چین و توێژێک لە ئێران بەدی ناکرێ کە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیی حکوومەتی بە کردەوە بەسەردا جێبەجێ نەکرابێ. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە، ڕێژیمی نوێ، دەستی بە قەدەغە کردن و داخستنی ئەو شوێنانە کرد کە لەگەڵ شیعەگەری نەدەگونجان، وەکوو شوێنی مەیخواردنەوە، سینەما، ناوەند و دامەزراوەکانی سەر بە کەمینە ئایینییەکان، مێدیا و کتێبخانە و هتد. ڕێساکانی ئایینی شیعە بوون بە ڕێسای دەوڵەتی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە. ئەو ڕێسایانە بەسەر هەموو تاکێکدا سەپێنران و بە کردەوە جێبەجێ کران، تەنانەت کەمینە ئایینییەکانی دیکەش دەبوایە بە زۆر خۆیان لەگەڵ شیعەگەریی دەوڵەتی گونجاندبا. بۆ نموونە سەرپۆش بۆ هەموو ژنانی ئێران زۆرەکییە، تەنانەت ناموسوڵمانەکانیش. لەگەڵ ئەوەشدا کە واتای جیاواز لە شیعە و شیعەگەری هەیە، بەڵام خومەینی واتای خۆی لە شیعەگەری بە سەر کۆمەڵگەی فرەڕەنگی ئێراندا سەپاندوە. چەمکی وەکوو "خەباتی چینایەتی"، نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی"، ئازادییە بنەڕەتییەکان"، "سەروەریی خەڵکی" و "دێمۆکراسی" وەلا نراون. دەوڵەت دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی گشتی و تایبەتدا دەکا و هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ورد کردن و هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ڕێکخستن و ڕێکخراوێک، تاک لە هەر چەشنە بەستراوەییەک بێبەش بکا و تەریکی بخاتەوە. هانا ئارێنت ناوی ئەوە دەنێ "ئەتۆمیزاسیۆنی کۆمەڵگە" (هەڵوەشاندنەوە و بەش بەش کردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگە).

سیاسەتە زۆرەملێیەکانی کۆماری ئیسلامی هاوڕێن لەگەڵ سەرکوتی چڕ و تۆقاندنی گشتی. دوای زیندانی و لە سێدارەدانی بەرپرسانی ڕێژیمی پاشایەتی، وتاری خومەینی لە ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە شاری قوم، حوکمی فتوای بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەبوو، هەر بۆیەش خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ڕۆژی دواترەوە دەست کرا بە قەدەغە کردن و لە نێو بردنی حیزبە چەپ و ڕاستەکان و هەروەها هەر جۆرە حیزب و لایەنێک کە وەکوو سێکۆلار سەیر دەکرا. بەشێکی زۆر لە ئەندام و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبانە لە سێدارە دران، یان حوکمی قورسیان بۆ دەرچوو. لەسێدارەدان، تیرۆری نوخبەکان، ڕاونان و ئەشکەنجە کردن، بووە بە کاری ڕۆژانەی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی.

### سیاسەتی زۆرەملێی کۆماری ئیسلامی

زۆر لێکردن، لە نێو تەواوی حکوومەتە نادێمۆکراتەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی ڕێژیمێکی تۆتالیتەر لە ڕێژیمە نادێمۆکراتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەگشتی کردنی زۆر لێکردنە، بەو پێیە کە لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، زۆر لە تەواوی کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە دەکرێ. بە پێچەوانەوە، لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا، تەنیا زۆر لە یەک یان چەند چین و توێژی تایبەت دەکرێ. لە ئێرانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧، کۆمەڵگەی ئێران کە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگە، کرا بە ئامانجی سیاسەتی زۆرەملێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بە چەشنێک کە ڕەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبێ بە زۆر خۆیان لەگەڵ شیعەگەریی دەوڵەتیدا هاوڕەنگ کردبا. لایەنی دەسەڵاتدار دەیهەوێ تەنیا یەک شوناس لە هەموو ئێرانییەکان پێشان بدا، ئەویش شوناسی ئێرانی شیعەیە. هەر بۆیە، هەوڵ دەدرێ هەموو جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ڕێگای قانوونی بنەڕەتی و، یاسا و سیاسەتەکانی دەوڵەتەوە لە نێو یەک شوناسی (ئێرانی-شیعی)دا بتوێندرێنەوە.



### شۆڕشی کولتووری: بە ئیسلامیکردنی سیستەمی خوێندن

"دەبێ شۆڕشێکی کولتووری بۆ پاڵاوتنی پێکهاتەی ئەو مامۆستایانەی گرێدراوی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوان، لە نێو هەموو زانکۆکانی ئێران دەست پێ بکا و دەبێ زانکۆ ببێ بە ژینگەیەکی خاوێن بۆ خوێندنی باڵای ئیسلامی".
(خومەینی، ساڵی ١٣٥٧)

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵی هێنانە ئارای سیستەمێکی خوێندنی دەدا کە لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسای شیعەگەریدا بێ. یەکەم هەنگاوی ئەو پڕۆژەیە، شۆڕشی کولتوورییە، ئۆپەراسیۆنێک بۆ پاڵاوتنی سیستەمی خوێندن. شۆڕشی کولتووری زنجیرەیەک ڕووداو دەگرێتە خۆ کە پەیوەندییان بە سیستەمی خوێندنەوە هەیە (لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٧و ١٣٦١)، بە مەبەستی داماڵینی زانکۆ لەو مامۆستا و خوێندکار و ئەو سەرچاوانەی خوێندن کە وەکوو "بە ڕۆژئاوا کراو" دادەنران. دوای شۆڕش، بەشێک لە دەسەڵاتداران پێیان وابوو کە دەبێ شۆڕشی ئیسلامی، سیستەمی خوێندن بە تایبەت زانکۆکان و سەرچاوە زانستییەکانیش بگرێتەوە. دوای تاقیکردنەوەکانی خوێندنی ساڵی ١٣٥٩، زانکۆکانی ئێران بە فەرمی لە لایەن ئەنجومەنی شۆڕشی کولتوورییەوە داخران. ئەنجومەنی شۆڕشی کولتووری وەکوو بەرپرسیاری پەروەردە کردنی مامۆستایان و دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی کەسانی شیاو بۆ وانە گوتنەوە لە زانکۆکان، دەستنیشان کردنی خوێندکاران، بە ئیسلامیکردنی ژینگەی زانکۆکان و گۆڕینی پڕۆگرامی خوێندن لە زانکۆکان هاتە کایەوە. بە گوتەی عەبدولکەریم سرووش، زانای شیعی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەن، "ئەوانەی زانکۆکانیان داخستن، دەیانویست زانکۆکان هەتا ٢٠ ساڵ بە داخراوی بمێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن هەموو گۆڕانکارییە پێویستەکان ئەنجام بدەن، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٣٦١دا و دوای ئەوەی ژمارەیەک مامۆستا و خوێندکار دەرکران، زانکۆکان دووبارە کرانەوە". ئەو کەسانەی بەرگرییان لە شۆڕشی کولتووری دەکرد، پێیان وابوو کە زانستەکان کاریگەریی کولتووری ڕۆژئاواییان لە سەرە و دەبێ گۆڕانکارییان تێدا بکرێ، بۆ ئەوەی سوژە و ئۆبژە و شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بپاڵێورێن. بۆ ئەوان، "زانستە نەپاڵێوراوەکان" بە هێرشی کولتووری دادەنران. ساڵی ١٣٦٢، ئەنجومەنی شۆڕشی کولتووری دەبێتە ئۆرگانێکی دەوڵەتی بە ناوی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕشی کولتووری ١٣٥٧ وەدی بێنێ (واتە داماڵینی هەموو زانست و سەرچاوە زانستییەکانی ڕۆژئاوا و جێگرتنەوەی بە زانستی ئیسلامی).

ئەمڕۆکە، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری لە شێوەی دامەزراوەیەکی یاسادانانە. ئەندامەکانی هەڵبژێردراو نین و دیاری دەکرێن. دانانی پێوەر بۆ دامەزراندنی ناوەندە زانستی و کولتوورییەکان، دانانی پێوەری دەستنیشان کردنی مامۆستایان، چاودێری کردنی سەرچاوە و کتێبە زانستییەکان و هەروەها، هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی، لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو ئەنجومەنەن. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی کولتوورییەوە، سیستەمێکی دەستنیشان کردنی مامۆستایان و خوێندکاران لە زانکۆکاندا هاتە کایەوە. لەو کاتەوە، مامۆستایان بە پێی دوو پێوەر دادەمەزرێن: پێوەری یەکەم زانستییە و پێوەری دووهەم ئایدۆلۆژییە. مامۆستایانی زانکۆ دەبێ سوێند بدرێن بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەن کە لایەنگری کۆماری ئیسلامین. خوێندکاران بۆ ئەوەی لە زانکۆ وەربگیرێن، بە تایبەت لە ئاستە بەرزەکان، دەبێ بە هەندێک تاقیکردنەوەدا تێپەڕ بن و سازگارییان لەگەڵ ئایینی ئیسلام و خوێندنی ئیسلامی بسەلمێنن. لەنێو زانکۆکانیشدا، بەشێک هەیە بۆ چاودێری خوێندکاران و مامۆستایان بە ناوی پاسەوانی (حراست) کە لە نێو زۆربەی دامودەزگا دەوڵەتییەکانیش بە هەمان شێوە ئەرکی چاودێری کارمەندانی لە ئەستۆیە. هەروەها کۆمیتەی چاودێری لە زانکۆکان هەن کە لە کۆمەڵێک مامۆستا و خوێندکار پێک هاتوون و ئەرکی چاودێری مامۆستا و خوێندکارانیان لە کاتی خوێندندا لە ئەستۆیە. خوێندکاران، دوای تەواو کردنی خوێندن، بۆ وەرگرتنەوەی بەڵگەنامەی کۆتایی خوێندن و هەروەها دامەزرانیان، دەبێ بە شێوەی فەرمی ڕەزامەندیی ئەو کۆمیتانە وەربگرن. ئەو کۆمیتانە لە لایەن تۆڕەکانی بەسیجەوە یارمەتی دەدرێن. کۆنتڕۆڵ و چاودێری تەنانەت لە دوای خوێندنیش هەر بەردەوامە، چونکە دۆسیەی خوێندکار دەنێردرێتە چەند شوێنی دیکەی کۆنتڕۆڵ وەکوو دەزگای زانیاری خوێندنی نیشتمانی و وەزارەتی ئیتلاعات.

### عەلی بداغی:

## قۆناغی دوای کۆرۆنا بۆ یەکلا بوونەوەی پرسی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی چارەنووسسازە



عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ قۆناغی دوای کۆرۆنا بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسیی تاران چارەنووسسازە. ئەو پێی وایە بزووتنەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕێبەریی خۆی دەبینێتەوە و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی دەچێتە قۆناغی یەکلاکەوەرەی خۆی.

لە کۆنفرانسی ئەندامانی کۆمیتەی قوشتەپەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کەمپی کاوە لە باشووری کوردستان، کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەڕێوەچوو، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عەلی بداغی باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد و لە پێوەندی لە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و ڕەوتی مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و فاکتۆرەکانی بەچۆکدا هێنانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشدارانی کۆنفرانس دوا.

بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەیدا تاوتوێی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای وڵاتی لە ژێر گوشاری قورسی سزاکانی ئەمریکادا کرد و گوتی سەرەڕای ئەوەی بەرپرسایەتیی گەمارۆکان لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی شەڕەنگیزی و قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیمە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە بۆ نیزامی سیاسیی گەندەڵی ڕێژیم و بنەما فیکرییەکانی ئەم ڕێژیمە دەگەڕێتەوە؛ نیزامێکی سیاسیی گەندەڵ کە هەموو پێکهاتەکانی ئیداری و بەڕێوەبەریی ڕێژیم لە شورای شار و شارەوانی، نیزامی بانکی، دەوڵەت، کەرتی تایبەت و دەزگای دادی ڕێژیمی تەنیوە و جێگای حاشای بۆ کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیمیش نەهێشتۆتەوە.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر دۆخی کرۆنا لە ئێران و گوتی ئەم پەتایە ئەوەندەی بۆ ڕێژیمی سیاسی هەل و نیعمەت بووە، بۆ خەڵک مەینەتی و مەرگ وماڵوێرانی بەدواوە بووە. کرۆنا هاوکات تاقیکارییەکی دیکە بوو کە ئەوەندەی دیکەی متمانە و شەرعییەتی نەبووی کۆماری ئیسلامیی لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسایەتییەکانی لە بەرامبەر خەڵک و کۆمەڵگەدا بردە ژێر پرسیار. بەڕێزیان گوتی قۆناغی دوای کرۆنا بۆ خەڵک و کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی خەباتی مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یەکلا کەرەوە دەبێ.

تەوەرێکی دیکەی باسەکەی عەلی بداغی پێگەی ئێران لە هاوکێشە ناوچەییەکان لە سەردەمی ئەمریکای ترامپ و هەڵبژاردنەکانی ئەم حەوتوویەی سەرۆککۆماریی ئەم وڵاتە بوو.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ ئێران بەتایبەت ئاڵقەی دەسەڵات یەکجار گرینگە، بەڵام کێشەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێران گرێدراوی ئەوە نییە دێموکراتەکان یان کۆماریخوازەکان کامیان حوکمی کۆشکی سپی بکەن؛ بەڵکوو پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و لە بەرامبەردا نیزامی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و یەکلاکردنەوەی ئەو پرسەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسی ئەندامانی حیزب لە کەمپی کاوە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێ بەڕێوە چوو کە لە بەشەدا ئەندامانی کۆمیتە ئازادانە و بە شێوەیەکی دێموکراتیک لەلایەن ئەندامانەوە دەنگی متمانەیان پێدرا.

## گالۆپ: زیاتر لە سەتا پەنجای خەڵکی ئێران متمانەیان بەو ڕێژیمە نییە

ئاکامی گشتپرسییەکی ڕێکخراوی "گالۆپ" دەڵێ قەیرانی ئابووری و گشتگیریی پەتای کۆرۆنا کە ئێرانی کردۆتە یەکێک لە ناوەندەکانی پەرەسەندنی ئەم پەتایە، متمانەی خەڵک بەو حکوومەتەی بۆ کەمتر لەسەتا پەنجا دابەزاندوە.


گالۆپ دەڵێ لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا هیچکات تا ئەم ڕادەیە خەڵک بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێمتمانە نەبووە و لەهەر ١٠ کەس خەڵکی ئێرانی لانیکەم چوار کەسیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی ژیانی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو دارماوە، بەڵام وێناچێ ئەم دۆخە لە داهاتووشدا بەرەو باشیت بچێت.

گشتپرسییەکەی گالۆپ لە هاوینی ئەمساڵدا کراوە و لەودا دەرکەوتوە کە ڕاددەیەکی کەم لە خەڵکی ئێران متمانەیان بە کۆماری ئیسلامی هەیە کە ئەوانیش زۆربەیان کاربەدەستانی خودی ئەو ڕێژیمەن. گالۆپ دەڵێ بەرجام و گەڕانەوەی سزاکانی ئەمریکا کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووخانی متمانەی خەڵکی ئێران بە کۆماری ئیسلامی داناوە.

ئەم ڕێکخراوەیە پێشتر لە ڕاپرسییەکی دیکەدا گوتبووی ئێران لە ڕیزی ٥ وڵاتی خەمۆکی جیهاندایە.



# کۆچی سوور



کەریم فەرخەپوور

ئەم ڕۆژانە ڕووداوی نوقم بوونی بەلەمێکی کۆچبەرانی کورد لە ئاوەکانی نێوان فەڕانسە و بریتانیا لە "کاناڵی مانش" بوو بە سەردێڕی زۆر لە مێدیاکان. ئەم ڕووداوە کە بوو بەهۆی تێداچوونی بنەماڵەیەکی ٥ کەسیی خەڵکی سەردەشت بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکی ئەم تراژیدییە بووەتە بەشێک لە مێژووی خەڵکی ئێمە.

کۆچکردن لە وڵاتە دیکتاتۆر و بەڵایدراوەکان دیاردەیەکی تازە نییە و ساڵانە بە دەیان و بگرە سەدان هەزار کەس ڕوو لە هەندەران دەکەن و بەدوای سەرپەنایەک و ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن و، گەڕانیش بەشوێن ژیانێکی باشتر و شیاو مافی هەر تاکێکی سەر گۆی ئەم جیهانەیە.

کۆچی کوردانیش چ بە زۆرەملی چ لە ڕووی ناچارییەوە هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە و سەدان ساڵە کورد و کۆچ بوونە دووانە و هەر جارە و لە شوێنێک و بەشێوەیەک کۆچیان پێدەکرێ یا لەوپەڕی بێ هیواییدا کۆچ دەکەن. بەڵام ئەم دۆخە لە ئێستادا تایبەتترە. چونکی خەڵکی ئێران لەلایەک لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامیدان و لەلایەکی دیکە هەژاری، برسیەتی، بێکاری و نەبوونی تەنگی پێ هەڵچنیون و بۆ خۆدەرباز کردن لەو ژیانە سەختە لە ترسی ئەژدیها خۆیان لە باوەشی مەرگ داوێن.

لە ماوەی دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیهـ کوردستان یەکێک لە هەژارترین ناوچەکانی ئێران بووە و بێجگە لە بڕیار و فەرمانی جیهاد و شەڕی داسەپاوی کوردستان کە زیاتر لە چل ساڵە بەردەوامە، ئەم دوو ڕێژیمە دیکتاتۆرە خەریکی بە تاڵانبردنی هەموو سامانی سەرزەوی و ژێر زەوییەکانی کوردستان بوون. لەگەڵ ئەوەی کە کوردستان بەشێکە لە ئێران و مەیدانێکی گەورەی وەبەرهێنان و دەوڵەمەندە بە کانگەی ژێرزەوی، بەڵام زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ڕەنجی شانی خۆیان بە وەرزێری و کرێکاری و بێ هیچ پشتیوانییەکی دەوڵەت ژیانێکی سەخت تێپەڕ دەکەن و کرێکارەکانیش نەک لە کوردستان بەڵکوو لە شارە غەیرە کوردەکان بە کاری تاقەت پڕووکێن ئەویش وەک کرێکاری وەرزی بۆ بژیوی ژیانی ساڵانەیان دەچەوسێنەوە. نەبوونی و بێکاری و برسیەتی لەو دیاردە مەترسیدارانەن کە خەڵک بە دەستیەوە دەناڵێنێ و دواڕێگە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان لە کوردستان کۆڵبەرییە؛ کە هەموو دەزانین کۆڵبەریش بە قیمەتی ژیان و گیانیان تەواو دەبێ.

بۆیە زۆر خەڵک بەهۆی ئەو هەموو گوشارەی کە بەرۆکی پێگرتوون ڕێگەی مەترسیداری هەندەران دەگرنەبەر و بەهیوای ژیانێکی باش و ڕزگاربوون لەو نەهامەتییانەی تێی کەوتوون زێدی باب و باپیرانیان بەجێ دێڵن. بەڵام گەیشتن بەو بەناو بەهەشتە هێندە ئاسان نییە و لەم ڕێگە دوور و درێژەدا مەرگ هەمیشە وەک مۆتەکەیەک بە دوای کۆچبەرانەوەیە. دەربازبوون بەنێو دوو سوپای دڕندەی تورکیە و کۆماری ئیسلامی، بێبەزەیی قاچاخچی، ڕەقهەڵاتن لە سەرمادا، ون بوون و ونکردن و بێسەروشوێن بوون، پووڵ خواردن و فریودان و کڵاو لەسەرنان، زیندان و ئەشکەنجە، دابڕانی بنەماڵە و لێکهەڵوشانی ژیان، ماندوویەتی و قەول و بەڵێنیی بەدرۆی قاچاخچی، قەرزداری و فرۆشتنی ماڵ و سامان و سەرەنجام شەپۆل و باوەشی پڕ لە گرفە و مەرگهێنەری دەریاکان تەنیا بەشێک لەو کێشانەن کە لە ڕێگەدا تووشی هەر کۆچبەرێک دەبن. لەگەڵ تێپەڕاندنی هەموو ئەمانەش ئەوە کۆتایی ئەم سەفەرە و ئەم کاروانە نییە؛ کە گەیشتنە ئوروووپا یا هەر وڵاتێکی تر لە یەکەم وێستگەدا لەگەڵ بێڕەحمی و کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەرەوڕوو دەبنەوە و چاوەڕوانی، بێوڵامی، وەرنەگیران و مەترسیی دیپۆرتکردنەوە و گەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر دوای هەموو ئەو چاوەڕوانییە و بێهیوا بوون لە ژیان بەشێکی دیکە لەو گرفتانەن کە بەرەوڕووی پەناخوازان دەبنەوە و ئەو بەهەشتەی کە بەهیوابوون پێی بگەن، لێیان دەبێتە دۆزەخ و ژیانیان بە ئاقارێکی نادیاردا دەڕوا.


ئەم دیاردەیە لە ئێستادا بەهۆی هەلومەرجی ژیان لە ئێران پتر پەرەی سەندوە. خەڵک بار دەکەن و دەڕۆن، چونکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی تری بۆوان نەهێشتۆتەوە.



سروشتی کۆچبارەکانی ئێستا لەگەڵ ڕابردوو جیاوازە. ئەگەر پێشتر (پێش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی) زۆربەی زۆری کۆچەکان بۆ خوێندن و ئاکامەکەی دواتر گەڕانەوە بوو، ئێستا هەموو بۆ ڕاکردنە. ئەگەر دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش تەنیا لاو و خوێندەوارەکانی دەگرتەوە، یان سەرەتا تەنیا دژبەرانی ڕێژیم ڕێی هەندەرانیان دەگرت؛ بەڵام ئێستا خەڵکی ئاسایی بە خاو و خێزانەوە جانتای کۆچ دەخەنە سەر شانیان. چونکی هەژاری، بێکاری، بێدەرەتانی و نەبوونی ئاسوودەیی ڕوحی و ڕەوانی لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە برستی لێ بڕیون، چونکی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون شک نابەن و ئەوەی لەو نێوەشدا ونە و لە بنەڕەتڕا هەر بایەخی نەدراوەتێ، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی حکوومەت و خەمخواردنە لەو کێشەیە. چونکی ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە پتر چارەنووسی باشووری لوبنان و خەڵک و میلیشیا و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمە لە وڵاتانی ناوچە و داهات و سامانی گشتیی وڵاتیش بۆ ئەو ئامانجانەیە؛ نەک گەڕانەوە و تەرخانکردنی بۆ خەڵک و نێوخۆی وڵات.

# شەڕی ناگۆڕونی قەرەباغ [قەرەباغی کوێستانی]

## هیچ شانسێک بۆ بووژاندنەوەی دادگەریی مێژوویی بەدەست کوردەوە ناهێڵێ!



د. کامران ئەمین ئاوە

ئەو کوردانەی سۆڤییەت کە لە کۆتایی ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی سەدەی ڕابردوو بە زۆر لە "ناگۆرنی قەرەباغ"ەوە بۆ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست (کازاخستان، ئوزبەکستان، قرقیزیا) دوورخرابوونەوە، [بەردەوام] خوازیاری دادگەریی بوون و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هیوای گەڕانەوە بۆ زێدی مێژووییان لەدەست نەدا.

ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە، کوردەکان بە چەشنێکی فەرمی وەکو یەکێک لە گەلە ڕەسەنەکانی ڕووسیە پێناسە کرابوون و چەندین سەدە لە باشووری قەفقاز ژیابوون. هەرێمی کوردستان کە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکەی شاروچکەی آبدالیار (دواتر کرایە لاچین) بوو، لە ساڵی ١٩٢٣ زایینی لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی و لە سەر سنووری کۆماری ئەرمەنستانی یەکیەتیی سۆڤییەتی سۆسیالیستی پێکهێندرا.




ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک "کوردستانی سوور" بەناوبانگ بوو و، ڕۆڵی لە بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی – ڕزگاریخوازیی کورد لە تورکیە و ئێران، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی فەرانسە (سووریە) و بریتانیای گەورە (عێراق) هەبوو. یەکێک لە هۆیەکانی درووستکردنی کوردستانی خودموختار لەم ناوچەیە، هەوڵی حکوومەتی سۆڤییەتی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەرزیی ئەرمەنستان – ئازەربایجان، لە ڕێگای پێدانی چەند ناوچەی کێشە لەسەر بە لایەنی "سێهەم" و درووستکردنی "ناوچەی ناوبڕە" لە نێوان ئەرمەنستان و هەرێمی خودموختاری ناگۆرنی قەرەباغی ئازەربایجان بوو. ناوی کوردستان ئیتر لە ساڵی ١٩٢١ وە، واتە دوو ساڵ پێش دامەزراندنی فەرمیی هەرێمی کوردستان بەکاردەبرا. کوردە موسڵمانەکان بە گشتیی بە چەشنێکی چڕ لە هەرێمی کوردستان دەژیان، هوسی حوسێنعەلی ئوغلی حاجیڤ یەکەم سەرۆکی کومیتەی بەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان بوو. ئەو هەرێمە ناوچەکانی (دایرەی) قەرەقشلاق، کەڵبەجار، قۆتورلو، قوباتلی، کورد – حاجی و موورادخانلی لە خۆی دەگرت. ڕێژەی دانیشتووانی ئەو هەرێمە ٥١،٢ هەزار کەس بوو و، کوردەکان ٣٧،٤٧٠ کەس (٧٣،١%)، تورکەکان ١٣،٥٢٠ کەس (٢٦،٣%) و ئەرمەنییەکان ٢٥٦ کەس(٠.٥%) لەم دانیشتووانەیان پێک دەهێنا. لە تەواوی ناوچەکان بێجگە لە تورکزمانەکانی قوباتلی، کورد زۆرینەی دانیشتووانی پێک دەهێنا. بە پێی زانیارییەکانی ساڵی ١٩٢٥، هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە ٦ ناوچە و ٣٣٠ ئاوایی کە لە نێو ٦٣ شوورای دێدا یەکیان گرتبوو. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم خەڵکە بە ڕادەیەکی زۆر خەسڵەتی عەشیرەیی خۆیانی پاراستبوو، شێوەی ژیانی بەشێک لە کوردەکان لە چەشنی نیوەکۆچەریی بوو، بەشێکی زۆریش لە ئەشکەوت و خێوەتەکاندا دەژیان.

بە هۆی دروستکرانی فێرگە و خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها فێرگە پیشەیی نێونجییەکان لە لایەن حکوومەتی سۆڤییەتەوە، دەیان کورد دەرفەتی خوێندن لە زانستگاکانی یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیان وەدەست هێنا، ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە و ڕادیۆی خۆجیی دەستی بەکار کرد. لەو سەردەمەدا لەو کۆمارانەی سۆڤییەت وەک ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان و تورکمەنستان کە خەڵکی کوردی تێدا دەژیا، ناوەندەکانی کولتووری کوردی و فێرگە و فێرکاریی بە زاراوەکانی زمانی کوردی سازکرا. ئەو بارودۆخ و ڕەوشەی دەرفەتی گەشەسەندنی بە کورد وەکوو گرووپێکی ئەتنیکی لە ساڵە سەرەتاییەکانی حکوومەتی سۆڤییەتدا بوو، لە ساڵانی دەیەی ١٩٣٠دا گۆڕا. کاربەدەستانی کۆمارەکان دەستیان بە سیاسەتی تواندنەوەی ئیجباریی گەلە کەمینەکان کرد. لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا ڕێبازی بە تورک کردنی کوردان دەستی پێ کرد. لەو کاتە بەدواوە کۆتایی ناوی بنەماڵەتی خێزانێکی زۆری کورد پاشگری "ئوغلی"، "ئیڤ"، "ئۆڤ"، "یان"، " شویلی"، "دزی" و لەم چەشنەی بەخۆیەوە گرت. هەر بە هەمان شێوە، مانەوەی هەرێمی کوردستانیش ئیتر زۆری نەخایاند و بە پێی بڕیاری شەشەمین کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی ئازەربایجان لە ٨ ئاوریلی ١٩٢٩ ئەم هەرێمە هەڵوەشێندرا.

وێڕای ئەوەش کوردستانی خودموختار لە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی لە ساڵانی ١٩٢٩-١٩٢٣ چووە نێو مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بڕگەیەکی گرینگی یادەوەری مێژوویی کوردی پێک هێنا.

لە ساڵانی ٤٠-١٩٣٠ کوردەکانی سۆڤییەت هاوچارەنووسی زۆربەی گەلە سەرکوتکراوەکانی تر بوون. بەشێکی زۆریان کە بە گشتی موسلمان بوون لە شوێنی ژیانی هەمیشەییان بۆ ناوچەگەلێک لە کازاخستان، ئوزبەکستان و قرقیزیا دوور خرانەوە کە بۆ ژین شوێنێکی گونجاو نەبوون. تەنیا دانیشتووانی کوردی ئێزیدی لە ئەرمەنستان و گورجستان، هەروەها کۆمەڵگەی کوردەکانی تورکمەنستان لە شوێنی خۆیان مانەوە.

کاربەدەستانی سۆڤییەت ئەگەری هەڵوێستی لایەنگری کردن لە تورکیە و ئێرانیان لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕێکی نوێ یان تێکهەڵچوونی چەکداری لە لای باشووری[سۆڤییەت] یان وەکو بیانوو بۆ دوورخستنەوەی کوردان بۆ قەفقاز دەهێناوە. ستالینیستەکان مێژوویان باش نەدەزانی، کاتی شەڕی ڕووس و تورکەکان، تابوورەکانی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتیی ژنراڵی کورد عەلی ئەشرەف ئاغای شەمسەدین و پاڵەوانییەکی بێوێنەیان لە خەبات لەگەڵ تورکەکان پیشان دابوو. کوردە گیانبەدەربردووەکان وێڕای دوورکردنەوەی بە زۆر و سەرکوت کرانیان لە سەردەمی یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ئازایانە دژ بە داگیرکەرانی هیتلێریی لە ساڵانی شەڕی گەورەی نیشتمانی بەشدارییان کرد و، سێ لەوان عینوانی بەرزی قارەمانی یەکیەتی سۆڤییەتیان پێ بەخشراو و هەزاران کەس لەوان بە پێدانی پلە و مێدالیا خەڵات کران.

باوەڕیی پێدانەوە بەو کوردە ئازار پێگەیشتوو و بێتاوانانەی کە پاش مردنی ستالین لە ساڵەکانی دەیەی ٥٠ی سەدەی ڕابردوو دەستی پێ کرد، بەداخەوە نەبوو بە هۆی بووژاندنەوەی دادگەرییەکی مێژوویی. کاربەدەستانی کۆماری سۆڤییەتی ئیزنی گەڕانەوە بۆ ماڵ و زێدیان بە زۆرینەی کوردەکان نەدا. هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردە دوورخراوەکان لە کازاخستان، ئوزبەکستان و قرقیزیستان دەژین و، تەنیا کوردە ئێزیدییەکان توانیویانە لە ئەرمەنستان و گورجستان بمێننەوە. پتر لە سەد هەزار کوردی باوەڕپێدراوە هاتنە ڕووسیە و بوون بە شارومەندی تەواو مافی فدراسیۆنی ڕووسیە.

کاربەدەستەکانی ئازەربایجانی سۆڤییەتی بە چەشنی جۆراوجۆر دژایەتییان لەگەڵ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ لاچین و ناوچەکانی نزیک بە ناگۆرنی قەرباغ کرد و، پاش هەڵوەشانی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ناسیۆنالیزم بوو بە بەشێک لە سیاسەتی حکوومەتیی دەوڵەتی نوێی ئازەربایجان. کوردەکانی ئازەربایجان لەو سەردەمەدا ئیتر بەڕاستی ئاسیمیلە ببوون و باکو ڕێی نەدا کوردە دەرکراوەکانی پێشووی کوردستانی سوور بگەڕێنەوە بۆ ناگۆرنی قەرباغ.

کاربەدەستانی کۆماری خۆ بە ناگۆرنی قەرەباغ (ئارساخ) ناسێنراو و حکوومەتی ئەرمەنستانیش سەبارەت بە کوردە باوەڕپێدراوەکانی لاچین هەتا ڕادەیەکی زۆر هەر ئەو هەڵوێستەیان هەبوو. ئەوان پێیان وایە، کوردەکان بە هۆی باوەڕی ئیسلامییان لە کێشەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ئەگەری ئەوەیان هەیە ببن بە ستوونی پێنجەم.

هەوڵی تازەی حکوومەتی ئازەربایجان بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی خۆی لە ناگۆرنی قەرەباغ هیچ هیوایەک بۆ کوردە میراتبەرەکانی کوردستانی سوور ناهێڵێ بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای گۆڕی پێشینیان و زێدی خۆیان. لە بارودۆخی خراپتربوونی ڕەوشی ناوچە و خۆتێوەردانی تورکیە لەم کێشەیەدا شانسی کوردەکانی لاچین بۆ بووژاندنەوەی دادگەرییەکی مێژوویی دەگاتە سیفر.

**کاربەدەستەکانی ئازەربایجانی سۆڤییەتی بە چەشنی جۆراوجۆر دژایەتییان لەگەڵ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ لاچین و ناوچەکانی نزیک بە ناگۆرنی قەرباغ کرد و، پاش هەڵوەشانی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ناسیۆنالیزم بوو بە بەشێک لە سیاسەتی حکوومەتیی دەوڵەتی نوێی ئازەربایجان. کوردەکانی ئازەربایجان لەو سەردەمەدا ئیتر بەڕاستی ئاسیمیلە ببوون و باکو ڕێی نەدا کوردە دەرکراوەکانی پێشووی کوردستانی سوور بگەڕێنەوە بۆ ناگۆرنی قەرباغ.**

سەرچاوە:

Иванов Станислав Михайлович، Война за Нагорный Карабах не оставляет шансов курдам восстановить историческую справедливость

# بەشێک لە ڕاپۆرتی نوێنەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران

**یادداشتی سکرتێری گشتیی:**

سکرتێری گشتیی بەختەوەرە ڕاپۆرتی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، جاوید ڕەحمان، کە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ٤٣/٢٤ ی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ئامادە کراوە، پێشکەشی شورای گشتیی بکا.

**ڕاپۆرتی نوێنەری تایبەتی لەبارەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، جاوید ڕەحمان**

**کورتە**

نوێنەری تایبەتی لەبارەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران سێهەمین ڕاپۆرتی خۆی بەگوێرەی بڕیارنامەی شورای مافەکانی مرۆڤ ٢٤/ ٤٣ پێشکەش بە کۆڕی گشتی دەکا.

لەو ڕاپۆرتەدا، نوێنەری تایبەتی وردەکاریی ئاکامگیرییەکان لە بارەی شێوەکان، ئاراستەی ڕەوتەکان و پێشوەچوونەکان کە لە مەڕ پارێزگاریی لە مافەکانی مرۆڤ دەبینرێن و، هەروەها ڕاسپاردەکان بۆ باشتر کردنی جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ پێشکەش دەکا.

**پێشەکی**

١. ئەو ڕاپۆرتە بە گوێرەی بڕیارنامەی شورای مافەکانی مرۆڤ ٤٣/٢٤، کە لەویدا شورا داوای لە نوێنەری تایبەتی کرد تا ڕاپۆرتێک لە بارەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆبوونەوەی حەفتاوپێنجەمی خۆی پێشکەش بکا، ئامادە کراوە. ڕاپۆرتەکە زانیاریی کۆکراوە تا ٢٤ی جوونی ٢٠٢٠ (4ی پووشپەڕی ١٣٩٩) لەخۆ دەگرێ، لە ناویاندا لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێکخراوە ناحکوومی و مێدیاکان و وتووێژی تاکە کەسی لەگەڵ قوربانییانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، بنەماڵەکانیان و پارێزەرانیان. ڕاپۆرتەکە هەروەها تێڕوانینە پێوەندیدارەکانی ئۆرگانەکانی مافەکانی مرۆڤ، مێکانیزمی پێداچوونەوەی گشتیی شورای مافەکانی مرۆڤ و، نوێنەرانی تایبەتی پێشکەش دەکا.

٢. نوێنەری تایبەتی بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە سەرکوتە توندوتیژانە بێوێنەکەی خۆپیشاندەران لە سەرانسەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نۆڤەمبەری ٢٠١٩ (خەزەڵوەری ١٣٩٨). بەکارهێنانی توندوتیژیی لە ڕادەبەدەر لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی دەوڵەت سەدان کوژراو و بریندار لێ کەوتەوە و هەزاران کەس دەسبەسەر کران. خۆپیشاندەرە بەندکراوەکان بەرەوڕووی ئەشکەنجە، هەڵسوکەوتی نەشیاو بوونەوە و، بەشێکیان دوای دادگایی نادادپەروەرانە، حوکمی قورسیان بەسەردا سەپێندراوە، لە نێویاندا سزای مەرگ. لە کاتێکدا کە دەوڵەت بەرنامەی قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندوە، ئەو پرۆسانە ڕوون و سەربەخۆ نین و لە لێپرسینەوە لە پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ ناسەرکەوتوو بووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی گەیشتوو بنەماڵەی قوربانیان بە هۆی درکاندن تووشی ئازار و ئەزیەت بوون. وەڵامی توندوتیژانە بەرانبەر بە خۆپیشاندانەکانی جانیوەری ٢٠٢٠ (بەفرانباری ١٣٩٨) لە دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی ئوکراینی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەت درێژە بە کەڵک وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر لە توندوتیژیی بۆ سەرکوت کردنی ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەی ئاشتییانە دەدا.

٣. نوێنەری تایبەتی بە شێوەی ئەرێنی دەڕوانێتە هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە سێهەمین گەڕی پێداچوونەوەی دەورەیی گشتی و دەبینێ کە ئەو ١٨٨ لە ٣٢٩ ڕاسپاردەی قبووڵ کردوون. نوێنەری تایبەتی ئامادەیە هاوکاریی دەوڵەت بکا تا ڕاسپاردەکان جێبەجێ بکا. نوێنەری تایبەتی نیگەرانی ئەو ئالنگارییە ئابوورییانەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕوویان بۆتەوە، لە نێویاندا ئاسەواری ئابلۆقەکان، کە بەگوێرەی ڕاپۆرت توانایی دەوڵەتی بۆ کاردانەوەی دەستبەجێ لە بەرانبەر سەرهەڵدانی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) سنووردار کردوە. لە کاتێکدا کە نوێنەری تایبەتی دەستپێشخەریی ئازاد کردنی کاتیی بەندییەکان بۆ پێشگرتن بە بڵاو بوونەوەی کۆڤید-١٩ لە زیندانەکاندا بەرز دەنرخێنێ، لە هەمان کاتدا نیگەرانە کە ئەو بڕیارە زۆربەی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، پارێزەران، ئەوانی دوو شارۆمەندییان هەیە و زیندانییە بیانییەکان و تاقمی دیکەی بە ئامانج گیراوی نەگرتۆتەوە.

ئەو لە بەردەوامیی کەڵک وەرگرتن لە سزای مەرگ لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی ئەو کەسانە کە لە تەمەنی مێرمنداڵییدا یاساشکێنییان کردوە و ڕێژەی بەرزی ئیعدامەکان دڵگرانە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی گەیشتوو، ڕەوتی سنووردارکردنی ئازادیی بیروڕا دەربڕین و هەڵاواردن دژی کەمینەکان و ژنان درێژەی هەیە.

نوێنەری تایبەتی بە هەمان شێوە نیگەرانی ڕێژەی بەرزی زیندانیی سیاسی و زیندانیی بیروباوەڕ لە نێو کۆمەڵگەکانی تورکی ئازەربایجانی، کورد و عەرەبی ئەهوازە. دەوڵەت ڕایگەیاند کە ئەو کەسانە لەبەر چالاکیی تاوانکارانەی خۆیان دادگایی کراون نەوەک لەبەر پێناسەی ئەتنیکیی خۆیان. لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگاکانی "کوردستان"، "ئیلام"، "ئازەربایجانی خۆرئاوا" و "کرماشان"، کۆڵبەرە کوردەکان هەروا بەرەوڕووی هێزی کوشندەی زێدەڕۆیانە لە لایەن کاربەدەستانی سنوور دەبنەوە. لە ساڵی ٢٠١٩دا، ڕاپۆرتی ٨٤ کۆڵبەری کوژراو و ١٩٢ کەسی بریندار بڵاو بۆتەوە، کە درێژەی ڕەوتێکە کە لە ٢٠١٤ بەولاوە زیاتر لە ١٠٠٠ کۆڵبەر بە دەست کاربەدەستانی سنوور کوژراو و بریندار بوون.(٣) ئەوە جێگای نیگەرانییە کە دۆسیەی توندوتیژیی دژی کۆڵبەران زۆر جار یان لە لایەن دادگاکانەوە ڕەت دەکرێنەوە یا بێ مەحکوم کردن یان دانی قەرەبووی ئابووری بە قوربانییان و بنەماڵەکانیان دادەخرێن.



**دۆخی کەمینەکان**

٥٠. نوێنەری تایبەتی گەلێک نیگەرانی هەڵاواردنی بەردەوام دژی کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان دەمێنێتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی گەیشتوو، ئاڵوگۆڕ لە پرۆسەی داواکردنی کارتی نەتەوەیی پێش بە کەمینە ئایینییەکان دەگرێ تا دەستیان بە چەند خزمەتگوزاریی گرینگ ڕابگا. لە فۆڕمی داواکاریی پێشوودا بژاردەی "دیکە" وەک بژارەیەکی ئایینی هەبوو. لە جانیوەری ٢٠٢٠ (بەفرانباری ١٣٩٨)، ڕێکخراوی نەتەوەیی بۆ تۆمار کردنی مەدەنی ڕایگەیاند کە ئەو بژارەیە نامێنێ، ئەوە بەو مانایەیە کە تاکەکان تەنیا دەتوانن لە نێو چوار تاقمی ئایینی بە فەرمیی دوان پێدانراو هەڵبژێرن.(١) لابردنی "دیکە" بووە هۆی بەرز بوونەوەی ئەو ترسە کە تاقمە ئایینییە دوان پێدا نەنراوەکان، وەک بەهاییەکان، نوێ کریستیانەکان، یارسانەکان، صائیبی-مەندایی و بێئایینەکان، نەتوانن کارتی پێناسی نەتەوەیی وەرگرن، کە بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی دەوڵەتی و بانکی پێویستە.(٢) دەوڵەت ڕایگەیاندوە کە کەمینە ئایینییە دوان پێدانەنراوەکان دەتوانن داوای کارتی پێناسی نەتەوەیی بکەن بێ ئەوەی کە ئەرکدار بن یا ناچار بن باسی ئایینی خۆیان بکەن. دەوڵەت تەنیا بەشێک یا هەمووی ٩ ڕاسپاردە لە ٢٥ ڕاسپاردە لە بارەی ئازادیی ئایین لە کاتی پێداچوونەوەی دەورەیی گشتیی قبووڵ کرد.

٥١. دۆخی بەهاییان هەروا وەک یەکێک لە هۆیەکانی نیگەرانیی جیددی دەمێنێتەوە، لە ناویاندا بەهۆی گەیشتنی ڕاپۆرتی سنووردار کردنی مافی خوێندن و داخستنی لەگۆترەی شوێنی بازرگانیی بەهاییان. بە گوێرەی ڕاپۆرت لە ٢٠١٩، لانیکەم ٥٩ بەهایی لەبەر باوەڕی ئایینی خۆیان دەسبەسەر کراون. بە هەمان شێوە ڕاپۆرت دراوە کە خوێندن بە زمانی دایک لە کۆمەڵگەکانی تورکی ئازەری، کورد و عەرەبی ئەهوازی بەردەوام وەک هەڕەشە بۆ سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت سەیر دەکرێ.

دەوڵەت گوتی ئەو ئەفسەرانەی سنوور کە یاساکانی پێوەندیدار بە کەڵک وەرگرتن لە هێز پێشێل دەکەن دەبێ بدرێنە سیستەمی دادوەریی. ئەو بە هەمان شێوە ڕایگەیاند کە خەریکی پێشکەش کردنی ڕێگاچارەی یاساییە، وەک بازاڕی سەر سنوور، بۆ ئەوەی کە کۆتایی بە پەڕینەوە لە سنوور بێنێ.

**ڕاسپاردەکان**

(م) مافی هەموو ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە ئەتنیکی و ئایینیین بپارێزێ؛ سەرجەم هەڵاواردنەکان دژی ئەوان چارەسەر بکا؛ و دەسبەجێ و بێمەرج سەرجەم ئەو بەندییانە ئازاد بکا کە لەبەر بەکار هێنانی مافی ئازادیی ئایین و بیروباوەڕ زیندانیی کراون.

***

**پەراوێزەکان:**

١) ناوەندی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، " ئێستا کەمینەکانی دوان پێدانەنراو لە ئێران دەبێ باوەڕی ئایینی خۆیان بشارنەوە تا بتوانن کارتی پێناسی دەوڵەتیی گەلێک پێویست وەرگرن"، ٢٧ی جانیوەری ٢٠٢٠؛ و پێوەندیی ژمارە OL IRN ١/٢٠٢٠، ١٧ی فێبریواری ٢٠٢٠.

٢) ناوەندی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، "کەمینە دوان پێدا نەنراوەکان دەبێ ئەوجار خۆیان بشارنەوە"؛ و پێوەندیی ژمارە OL IRN ١/٢٠٢٠، ١٧ی فێبریواری ٢٠٢٠.

٣) ناوەندی مافەکانی مرۆڤی کوردستان – ژنێڤ، "پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران: کورتەی ڕاپۆرت بۆ سەرەنجی بەڕێوەبەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، مێزی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی دۆخی ماڤەکانی مرۆڤ لە ئێران"، ئاپریل ٢٠٢٠.

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سمینی سووچێکی

# هەڵڵای ماڵی خاڵم

دارسمەی موخلیستان دوای ئەوەی خووی کەوتە سەر زمانی کوردی و کەیفی پێی هات، وەک زەڕە زمانزانەکان و بەشی بەرچاو و هەراوی ڕۆژنامەنووسانی گەنجی کورد زۆر شتی لێ تێکەڵ بوو. بەڵێ ئێستا من زۆر وشە و ڕێکوەند لە زمانی دەرودراوسێی کورداندا دەبیسم و لە هێنانەوە و دانانی هاوتا کوردییەکەیاندا دەمێنمەوە.

ئێمە لەگەڵ برایانی فارس و تورک و عەرەب دراوسێین. دیارە نزیکەی سەد ساڵێک دەبێ ئێمە واتا کوردەکان، منی دارسمەش ئەوەندە لە دارستانی کوردان دارم کوتاوە و ڕزق و ڕۆزیی بچووکانم لێ کۆ کردووەتەوە، وەک ئەوان خۆم بە کورد دەزانم.

بەڵێ ئێمە خۆمان دەگەڵ ئەو دراوسێیانە بە برا دەزانین، بەڵام ئەوان بە برا بچووکیشمان نازانن و ئێمەش ناچارین پێیان بڵێین خاڵە. هیچ مەبەستیشم ئەمە نییە کورد بە حەریفی دایکی دەڵێت خاڵە. ماڵی خاڵە فارسەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ شتی سەیر و سەمەرەتریان لێوە دەردەکەوێ.

با جارێ درێژدادڕی نەکەم و بچمەوە سەر ئەو وشەیەی لە سەرەتای ئەم بەسەرهاتەدا دەمهەویست هاوتا کوردییەکەی بدۆزمەوە. فارسەکان دوای ئەوەی لە سایەی بندەست کردنی گەلانی دراوسێ کەوتنە ژیانی خۆش و ئاسوودەوە، بەشێکی زۆریان لە جیات خانووی چەند نهۆم و باڵەخانەی قەسرئاسا، ڕوویان کردە خەوتن لە نێو ئەو مقەبا گەورە و بچووکانەی لەملاو ئەولا فڕێ دەدرێن. خۆیان ناوی ئەو کەسە بێ ماڵوحاڵانەیان ناوە "کارتۆنخاب" واتە ئەوانەی لە کارتۆندا دەخەون.

زۆر جار نووسەرانی کورد دەڵێن ئێمە چونکە ژیانمان لە دەریاکان دوورە، وشەی وامان کەمە پێوەندییان بە دەریاوە هەبێت. جا بۆ کارتۆنخابیش هەر وایە. ڕاستە ڕۆژانە بە دەیان تۆن کارتۆنی شتومەک لە کوردستان کۆدەکرێنەوە و بۆ نوێکردنەوە یان "ریسایکلین" دەبرێنەوە کارگە و کارخانەکان، بەڵام جارێ لە کوردستان ئەوەندەی لە دەریا دوورین لە خەوتنی نێو کارتۆنیش بە دوورین.

ئەم هەموو شێر و ڕێویەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە باسی شتێکی سەیر و سەمەرەتان بۆ بکەم.

ئەم ڕۆژانە لە هەواڵە فارسییەکاندا بیستمان و خوێندمانەوە کە بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانیی ئێران داوای کردوە کارتۆنخاب یان کارتۆنخەوە هەناردە کارەکان ناویان بڵاو بکرێتەوە.

غولامحوسێن شافعی، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی گشتیی بانکی نێوەندیی ئێران داوای کردوە ناوی ئەم کارتۆنخەوانە بڵاو بکرێتەوە کە کاڵایەکی زۆریان هەناردەی دەرەوە کردوە. شافعی داوای کردوە ناوی ئەو بازرگانانە بڵاو بکرێتەوە کە حەوت میلیارد دۆلار سەرمایەی بابەتی هەناردە کراوی کاڵا بۆ درەوەی وڵاتیان نەگەڕاندۆتەوە نێوخۆی ئێران.

سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران گوتوویەتی: ٢٥٠ هەناردەکاری سەرپێچیکار کە ٧٠ کەسیان کارتۆنخەون بە دەسەڵاتی دادوەری ناسێنراون.

سەرۆکی بانکی نێوەندیی ئێران پێشترێ فەرموویووی لە سەرەتای هاوینی ئەمساڵەوە هەناردەکاران بە ناوی کەسانی کارتۆنخەوەوە کاڵایان هەناردە کردوە و پارەکەیان بۆ ئێران نەگەڕاندۆتەوە.

کورد گوتەنی: "بە کەر ناوەستین، ڕەپە ڕەپە لە کورتانی". منیش با لە چەپەکانی لای خۆمان وەرسووڕێم و بکەومە گیانی ئەوان. کاک میرزا ناسر هیمەتی سەرۆکی بانکی نێوەندیی ئێران کە بڕیار بوو چەند ڕۆژ لەمەوبەر واز لە پۆستەکەی بهێنێ و ناچارە بۆ وەڵامدانەوەی گران کردنی دۆلار و دابەزاندنی بایەخی پارەی ئێران سەری لە هەموو دەر و دیوارێک بکوتێ، خەریکە بە ناوی جۆراوجۆرەوە شتەکەی لە ملی خۆی دادەماڵێ.

لەم کات و ساتەدا هیچ بەدوور نییە هاوڕێ کوردە چەپەکان کە بەردەوام چاویان لە جیرانە براگەورەکانمانە، بیر لە کارتۆنخەوەکانی تاران بکەنەوە و دیسان هاوار بکەن "زەحمەتکێشانی جیهان یەک گرن" و بۆ بەرگری کردن لە کارتۆن خەوە سەرما لێدراوەکانی تاران و دۆخی هەژارانەیان پاساو بهێننەوە.

ئەو کاتەی برایانی کرێکاری کارەگەی گەورەی ئاسنتاواندنەوەی موبارەکەی ئسیفەهان بە کۆمەڵ دەبوون بە بەسیج و دەهاتن دەستان بە کوشتوبڕی خەڵک دەکرد و بەر لە هەموو شتێک چەپەکانی خۆمانیان دەدایە بەر ڕێژنەی گوللە، ئەم چەپانەی خۆمان دەیانگوت: "زەحمەتکێشانی جیهان یەک گرن."

من ئەگەر باڵندەیەکی بچووک نەبوایەم و دەسەڵاتی مرۆڤم بوایە، دەمگوت، خۆزگە ماڵی خاڵم بە هەموو شتێکەوە وێران دەبوو. "برین لە خۆم نەبێت، وا دەزانم لە جەواڵی کایە."

***

# بۆ خاتریی خوا و لەبەر خاتری «ماریان»

## (پێشینەی مۆدێلی لائیک لە فەڕانسە)

(بەشی یەکەم)



د. ئاسۆ حەسەنزادە

تاوانە بەربەرییەکەی نۆتردامی "نیس" کە ڕاست لە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامدا بەڕێوە چوو، ئەڵقەیەکی دیکە لە فەسڵی نوێی زنجیرەی هێرشە تێرۆریستییەکانی بنیاتگەراکان بەدژی خەڵک و دەوڵەتی فەڕانسەیە، وڵاتێک کە لەنێو وڵاتانی "ڕۆژئاوایی" لە چل ساڵی ڕابردوودا زۆرترین جار بۆتە ئامانجی ئەو جۆرە هێرشانە و سەدان کەس لە هاووڵاتییانی بەم جۆرە بوونە قوربانی.

ئەوە کە ئەم هێرشانە بە مۆدێلی فەڕەنسیی لائیسیتە و ئازادیی بەیان بەتایبەت بابەتی کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەری ئیسلامەوە گرێ دەدرێنەوە، هی ئەم ساڵانەی دواییە. ئەو کاتەی لە هەشتاکانی زایینیدا حیزبوڵڵای لوبنان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کردەوەی تێرۆریستییان لە پاریس ئەنجام دەدا، ڕۆژنامەی ساتیریکی "شارلی ئێبدۆ" دەرنەدەچوو. لە نەوەدەکانی زایینیدا ئەودەم کە گرووپە توندڕەوە مەغریبییەکان هەڕەشەیان لە گیان و ئاسایشی خەڵکی مەدەنیی فەڕانسە دەکرد، هێشتا لە بەستێنی گشتیی فەڕانسەدا خەبەرێک لە کاریکاتۆری سەمبولەکانی ئیسلام نەبوو. هەتا سەرەتای شەڕی داعشیش کەس نەیدەگوت هێرشە تێرۆریستییەکانی سەر خەڵک و سەمبولەکانی فەڕانسە دژکردەوە بە جۆری مامەڵەی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئایینی ئیسلامن.

بە هیچ ئەقڵێکی سەلیمدا نایە کە دەوڵەتێک بەو پاشخانە سەدان ساڵەیە لە تێکەڵاوی لەگەڵ دنیای موسڵمان کە بۆخۆی نزیک بە پێنج میلیۆن هاووڵاتیی موسڵمانی هەیە و دە میلیۆن کەس لە دانیشتووانی بە ڕەچەڵەک موسڵمانن؛ دەوڵەتێک کە لەودا ئیسلام لەڕووی ژمارەی باوەڕمەندانەوە ئایینی دووەم و لەڕووی ژمارەی شوێنەکانی عیبادەتەوە ئایینی سێهەمە؛ دەوڵەتێک کە ئەو هەموو بەرژەوەندییە ئابووری و نوێنەرایەتییە سیاسییەی لە دنیایەکی تەنراو بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا)دا هەیە؛ دەوڵەتێک کە بۆخۆی ئەو هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییە کەڵەکەبووە و یەک لەوان کێشەی شوناسی هەیە؛ لە سەردەمێکدا کە قەیرانی کۆڤید١٩ لە زۆربەی دەوڵەتانی دیکە خراپتر بەرۆکی گرتووە، ئێستا بۆخۆی بێت بەئەنقەست بێڕێزی بە ئایینی ئیسلام بکا و ئەو شەپۆلە بەربەرینە لە نارەزایەتی لە جیهانی موسڵماندا کە هەڵگری پۆتانسیەلی یەکجار ترسناک بۆ دواڕۆژی ئاسایشی نیشتمانیی فەڕانسەیە، بەدژی خۆی وەڕێ بخا. تیئۆریسیەنەکانی پێکدادانی شارستانییەکان هەرچی بڵێن، ئەگەر بەدەست ئێمانوێل ماکرۆن خۆی با، لە "خێر"ی ئەو یەک دۆسیە زیادی و نۆژەنکراوەیەی قەیرانی نێوخۆیی بە ڕەهەندی بەهێزی نێونەتەوەییەوە، دەگوزەرا.

بەکاربردنی ئامرازیی بابەتی کاریکاتۆرەکان وەک کەرەستەیەک بۆ بەئایینی کردنی بەریەککەوتنی سیاسیی نێوان فەڕانسە و ئەو دەوڵەت و لایەنانەی بە هۆکاری دیکە (کە هاوکاریی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان یەک لەو هۆکارانەیە) لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە نارازیین، ئەو زەروورەتە بۆ کورد دروست دەکا کە بە وشیاریی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکا و بەبێ زانیاریی ورد و ناسینی دروستی هەقیقەتی پرسەکە (وەک لە فەڕانسە لە ئارادایە) لەگەڵ شەپۆلی زۆر و بۆری نارەزایەتیی پان-ئیسلامیست نەکەوێ کە هێندێک دەوڵەت و لایەن بەمەبەستی سیاسیی تایبەت بە خۆیان و نەک بۆ داکۆکی لە موقەدەساتی ئیسلام وەڕێیان خستوە.

لەو شوێنە کە تەنانەت دەوڵەتانی سەرکردە لە دنیای موسڵماندا بەبێ خۆبەستنەوە بە بنەماکان مۆدێلی خۆیان لە ئیسلام دەخەنە ڕوو، لەو شوێنە کە وڵاتان هەڵوێستیان لەمەڕ پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی دنیا وەک بۆ بابەتە مێژوویی و فەرهەنگی و فەلسەفییەکانی نێوان میللەتان بە پێوەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان دیاری دەکەن، هیچ بە قازانجی کورد نییە کە ئەو فرەڕەنگی و فرەدەنگییەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ ئەم پرسە هەیە، وێنەیەکی شێواو و نیگەرانیساز لەبارەی گەلی کوردەوە لەلای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دروست بکا، ئەویش لە بەرامبەر دەوڵەتێکی وەک دەوڵەتی فەڕانسە کە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە و سەرەڕای بەرپرسیارێتیی قورسی لە دۆخی مێژوویی کورددا، لەو قاتوقڕییە بەردەوامەی دۆستانی ستراتژیک بۆ کورددا، لە سی ساڵی ڕابردوودا و لەچاو دەوڵەتانی دیکەی دنیا (بە دەوڵەتانی موسڵمانیشەوە) باشترین کارنامەی لە بەهاناوەهاتنی کورددا هەبووە.

کورد دەتوانێ لە وڵاتی خۆیدا هەم گەشە بکا و هەم "خودا لێی ڕازی بێ"، بەبێ ئەوەی لە ئاستی دەرەوەدا لەخۆڕا دۆستان و نیمچە دۆستان لە خۆی دوور بکاتەوە و ئەو دژمنانەی بە خۆی دڵخۆش بکا کە بۆخۆیان لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان ئەو وەختەی بۆیان نالوێ وەک ئامراز کەڵک لە ئایین وەربگرن، بە بەربەستیشی نازانن.

> **کورد دەتوانێ لە وڵاتی خۆیدا هەم گەشە بکا و هەم "خودا لێی ڕازی بێ"، بەبێ ئەوەی لە ئاستی دەرەوەدا لەخۆڕا دۆستان و نیمچە دۆستان لە خۆی دوور بکاتەوە و ئەو دژمنانەی بە خۆی دڵخۆش بکا کە بۆخۆیان لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان ئەو وەختەی بۆیان نالوێ وەک ئامراز کەڵک لە ئایین وەربگرن، بە بەربەستیشی نازانن**

ئەو باسە لە ڕوانگەی دینامیزمی گەشەسەندنی نێوخۆیی کوردیشەوە گرینگە، چونکە بەبێ کارلێکە دەرەکییەکانیش، قۆناغی گواستنەوەی کورد بەرەو مۆدێرنیتە هەڵگری کۆمەڵێک درز و بەریەککەوتن لە کۆمەڵگەی کوردستان‌دایە کە ئەگەر ژیرانە و بە دیدێکی ستراتژیک ئیدارە نەکرێن، دواجار سروشتی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان بۆ سیاسی و نیشتمانی دەگۆڕێ و بنکۆڵبوونی ئینسجامی نەتەوەیی کوردیان لێ دەکەوێتەوە. ئەم مەترسییە ئەو کاتە زیاتر خۆی دەردەخا کە بزانین ئەو بەستێنە لە هەژاری و ناعەداڵەتی کە ئیسلامی سیاسی بە کایەکردن بە یادەوەری مێژوویی دژە کۆلۆنیالی و هەستیارییە بان-نەتەوەییەکان لە قەراغ شارەکانی پاریس و مارسەی پەنای بۆ دەبا، هاوشێوەکەی لە ناوچە و وڵاتی ئێمەشدا بەردەستە.

***

سیاسەتی بژاردەکان و هەڵوێستی تاکەکان لە بەرامبەر هەر ڕووداو و دیاردەیەک دروست و بەقازانج دەرنایە ئەگەر بێت و داوەرییان لەبارەی ئەو دیاردە و ڕووداوانە پشتبەستوو بە ناسینی قووڵ و زانیاریی ڕاست لەسەر بابەتەکان نەبێ. بەداخەوە لە کوردستان زۆر کەس (تەنانەت لەنێو مێدیاکاراندا) بەبێ ئەوەی خۆیان بە بەدواداچوونی کرۆکی مەسەلەکانەوە ماندوو بکەن، بەمەبەست یا بێمەبەست قەناعەتی خۆیان و خەڵک ڕادەستی گواستنەوەی ڕووکەشانە و هەڵسەنگاندنی چەواشەکارانە و مەبەستداری ڕووداوەکان لەلایەن سەرچاوەکانی ترەوە دەکەن. ئەگەر لەو تین و تاوە ورد بینەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانی دوو حەوتووی ڕابردووی فەڕانسە لە کوردستانیش وەڕێ کەوتووە، دەبینین کە زانیارییەکان نە لەسەر خودی ڕووداوەکە (بۆ نموونە فکر و ڕەفتاری مامۆستا "پاکی"ی سەربڕاو و پێوەندیی [نەبووی] قاتڵ و قوربانی و وردەکاریی جینایەتەکە) و نە لەسەر پاشخان و فەلسەفەی دەوڵەتی فەڕانسە لە پرسی لائیسیتەدا زۆر ڕاست و دروست نین.

ئەگەر وردەکاریی ڕووداوەکان لێرەدا بخەینە لاوە و زۆرتر سەرنج بدەینە پاشخانی چەمکی لائیسیتە لەلای فەڕانسەوییەکان و واقعیەتی مامەڵەی دەوڵەتی فەڕانسە لەگەڵ ئایینی ئیسلام، ئەوەی گرینگە بیزانین ئەوەیە کە دەوڵەتی فەڕانسە لە جێخستن و داکۆکی لە مۆدێلی سیکولاری خۆیدا هیچ ئایینێکی وەک خۆی بە ئامانج نەگرتووە، ئەگەریش لەم ساڵانەی دواییدا بەریەککەوتنێک لەنێوان ئەو مۆدێلە و ئایینی ئیسلامدا بەرجەستە بوو بێتەوە، ئەوەی دەوڵەتی فەڕانسە مەبەستیەتی خودی ئایینی ئیسلام یان ئیسلام لە جیهاندا نییە، بەڵکوو ئیسلام لە فەڕانسەیە. دەزانین کە ئەو جیاکارییە لەگەڵ مێتۆدی ئیسلامیستەکان کە بەڕوانگەیەکی جیهانییەوە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووری نێوان گەلان بۆ جێگە و پێگە و بنەماکانی ئیسلام دەڕوانن یەک ناگرێتەوە، بەڵام هەروەک پێشتر گوترا ئەگەر بۆ تورکیە و سعودی و ئێران کە زۆرینەی خەڵکەکەیان موسڵمانە ڕەوا بێ مۆدێلێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان لە ئیسلام بخەنە ڕوو، زۆر سەیرە کە بۆ دەوڵەتێکی ئورووپایی کە کەمینەیەکی موسڵمانی هەیە و بۆتە پەناگا و فریادڕەسی زۆر لە موسڵمانەکانی جیهان، بە گوناح دابنرێ بیەوێ لەنێو سنوورەکانی خۆیدا داکۆکی لە ناسنامە و مۆدێلی مێژوویی و جێ‌متمانەی خۆی بۆ پێکەوەژیان و بەڕێوەبردنی وڵات بکا. کێشەی فەڕانسە نە لەگەڵ ئایینی ئیسلامە نە لەگەڵ هیچ ئاینێکی دیکە، بەڵکوو بۆ گەل و حکومەتی فەڕانسە گرینگ پاراستنی مۆدێلێکی لائیکە کە پاش شەڕ و ململانەیەکی زۆری نێوخۆیی و بە قیمەتێکی زۆر گران وەدی هاتووە. بەستێن و مێژووی دروستبوونی ئەو مۆدێلە هیچ پێوەندییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە و لە شکڵ و نێوەرۆکی ئەمڕۆیدا بۆ سەردەمێک دەگەڕێتەوە کە فەڕانسە هیچ حەشیمەتێکی موسڵمانی لێ نەژیاوە و لەودەمەدا پێشبینیی دەرەنجامەکانی تێوەگلانی دواتری فەڕانسەش لەگەڵ سەرزەمینە موسڵمانەکان نەکراوە.

لەڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە، وشەی لائیک لە "لائۆس"ی لاتینییەوە هاتووە کە بە مانای خەڵکی ئاساییە، بەپێچەوانەی "کلێرک" کە بەو کەسانە دەگوترێ کە سەر بە کلیسان. وەک چەمکیش، لائیسیتە لە مێژووی هزری سیاسیدا تەنیا تایبەت بە فەڕانسە نییە. ڕەگ و ڕیشەی ئەو چەمکە بۆ ڕۆم و یونانی کۆن (ئێپیکور، مارک ئۆرێل) دەگەڕێتەوە و لەنێو ئەو بیرمەندانەی "ڕووناکی"یش کە ئەم چەمکەیان داڕشتوە تەنیا ڤۆلتێر و دیدرۆی فەڕانسەیی نابینرێن، بەڵکوو جۆن لۆکی ئینگلیسی و مادیسۆن و جێفێرسۆنی ئەمریکاییش هەن. تایبەتمەندیی فەڕانسە (شتێک کە دەبوو لەلایەن ئیسلامیستەکانەوە بە ئیمتیاز بۆی حیساب بکرێ) ئەوەیە کە لەجیاتی بەرزکردنەوەی سیکولاریزم کە بە مانای داماڵینی بەستێنی گشتی لە هەرچی ئایینە، چەمکی لائیسیتەی هەڵگرتووە کە بە مانای بێلایەنیی دەوڵەت لە بەرامبەر ئایینەکاندا و نەبوونی ئایینی ڕەسمی و ڕێزگرتن لە هەموو ئایینەکان دێ.

بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی ئایینی لە ئورووپا و ڕۆڵی کلیسا لەو نەزمە کۆمەڵایەتییەدا کە شۆڕشی فەڕانسە سەرلەبەری هەڵوەشاند، پاشەکشە بە ئایین و دەسەڵاتی کلیسا یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە بوو کە نزیکترین دەرەنجامی دەستداگرتن بەسەر زەوی و زاری کلیسا و کۆتایی هێنان بە تەمویل (پارەپێدان) بە هیچ مەزهەبێک لەلایەن دەوڵەتەوە بوو. دیارە لە سەروبەندی شۆڕشی فەڕانسەدا کاتۆلیکەکان لەگەڵ چینی سێهەم کە مۆتۆری سەرەکیی ئینقلاب بوون کەوتن، بەڵام چەند ساڵێک دواتر لە سەردەمی "تێرۆر"دا ئەوان بەتەواوی کەوتنە بەر غەزەب. دواتر بە هۆکاری سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکی ناپلیۆن بە پەسندکردنی سیستمی "کۆنکۆردا" (١٨٠١) لەگەڵ کلیسا ئاشت بۆوە و بەبێ ئەوەی زەوی و زارەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، ڕێگەی دا پیاوانی ئایینی لەژێر چاوەدێریی دەوڵەت و بە مووچەی دەوڵەت دەست بە تێکۆشانی خۆیان بکەنەوە. پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ناپلیۆن کێشەی جێگە و پێگەی کلیسا بە چەشنێکی دیکە سەری هەڵدایەوە تا ئەوە کە پاش شۆڕشی ١٨٤٨ بۆرژوازیی لیبرالی فەڕانسە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ کاتۆلیکەکان ڕێککەوت و کۆمەڵێک ئیمتیازی بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی کلیسا لە بەستێنی گشتیدا پێ بەخشینەوە.


بەهۆی دەرەنجامەکانی دەستڕۆیشتوویی هێشتا دیاری کلیسا لە بەستێنی گشتیدا و لەگەڵ بەهێز بوونی چەپەکان لە کۆماری سێهەمی فەڕانسەدا، کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی فەڕانسە شایەتی ڕەوتێکی پێچەوانە بە زیانی دەسەڵاتی دامەزراوە مەزهەبییەکان بوو. لەژێر کاریگەریی هێندێک دەوڵەتمەداری چەپی وەک "ئێمیل کۆمب" کە کۆنە قەشەیەکی هەڵگەڕاوە لە ئایین بوو، هەموو بنیاتە گشتیی مەزهەبییەکان هەڵوەشانەوە و لەمەولا تەنیا بە ڕەزامەندیی دەوڵەت و لە شکڵی ئەنجومەندا دەیانتوانی درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن. هەروەها قانوونەکانی "ژوول فێری" لەبارەی خوێندن، قوتابخانەی حکومەتیی بە تەواوی لائیسیزە (بەعیلمانی) کرد. کۆی ئەو هەنگاوانە جیا لەوە کە پچڕانی پێوەندییەکانی فەڕانسە و ڤاتیکانی لێکەوتەوە، لە هەموو ئەو کێشانەدا کە ڕەهەندێکی مەزهەبییان هەبوو (بەتایبەتی لە کاتی قەزیەی درێفووزدا کە کاپتنێکی جوولەکەی بەناهەق تۆمەتبارکراو بە خیانەت بوو) هەستیارییەکی دروست کردبوو کە سیستماتیک کۆمەڵگای فەڕەنسیی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش دەکرد.

هەموو ئەم کێشە و ململانێیانە سەرەنجام وای لە بیروڕای گشتی و زۆرینەی بژاردەکانی فەڕانسە کرد کە شێلگیرانە لەسەر بەمەقسەد گەیاندنی کاروانی لائیسیزاسیۆنی دەوڵەت سوور بن. مێعماری ئەم قۆناغە چارەنووسسازەش دەوڵەتمەردی گەورەی مێژووی فەڕانسە "ئاریستید بریيان" بوو کە یاسای ساڵی ١٩٠٥ لەپێوەندی لەگەڵ "جیاکردنەوەی دەوڵەت و کلیساکان"ی بەپەسند گەیاند، یاسایەک کە وێڕای ڕاگەیاندنی ئازادیی ویژدان و گەرەنتیی تەمرینی ئازادانەی ئایین، سیستمی کۆنکۆردا بۆ سەرجەم فەڕانسە (جگە لە دەڤەری ئەلزاس و مۆزێل)ی هەڵوەشاندەوە، هەر جۆرە بودجەیەکی دەوڵەتی بۆ بنیاتە مەزهەبییەکانی ڕاگرت و لەسەر ئەو بنیاتانەی فەرز کرد کە وەک ئەنجومەن کار بکەن و بۆخۆیان خۆیان بژیەنن.

سەرنجڕاکێشە کە بزانین لە سەردەمێکدا کە ئایینی ئیسلام هیچ حزوورێکی لە دیبەیتی سیاسیی فەڕانسەدا نەبوو، مەسیحییە ئۆرتۆدۆکسەکانیش لە باس و خواسی نێوخۆیی ئورووپادا - وەک ئیسلامی سیاسیی ئەمڕۆ دەیکا- یادەوەریی مێژوویی خۆیان و خەڵکیان بەلای شەڕە خاچییەکاندا نەدەبردەوە و کەس فکری بۆ دەرەنجامە کۆچبەرییەکانی سیاسەتی ئیستعماری یان پێداویستیی دواتری فەڕانسە بە هێزی کاری موسڵمان نەدەچوو (بەشی زۆری موهاجرانی موسڵمان لە شەستەکانی زایینیدا ڕوویان لە فەڕانسە کردووە)، سەت و بیست ساڵ پێش ئێستا ئاریستید بریيان ناچار بوو بەردەوام وەبیر بەرهەڵستکارانی قانوونەکە بێنێتەوە کە سەقامگیرکردنی پرەنسیپی جیایی دەوڵەت لە نیهادی دین بەمەبەستی سەرکوتکردنی کاتۆلیکەکان نییە!

گرینگیی ئەم یاسایە بۆ ژیانی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیی فەڕانسە بە چەشنێکە کە دەستووری کۆماری پێنجەمی فەڕانسە (١٩٥٨) بە پێویستی زانی لە مادەی یەکەمی خۆیدا لائیک بوونی کۆماری فەڕانسە ڕابگەیەنێتەوە.

***



# جەژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگەی یارساندا

بەپێی بەڵگە و گەواهیی مێژوو، زاگرۆس هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی ئایین، فەرهەنگ و کولتووری زۆرێک لە گەلانی ناوچەکە بووە، بەڵام دوای گەشەسەندن و سەقامگیریی ئیسلام لە کوردستان، زۆر لە ئایین و کولتوورە جیاوازەکان لەژێر کاریگەریی کولتووری زاڵدا، بە جۆرێک لەنێو چوون یان کەمڕەنگ بوونەتەوە. لەم نێوەدا، بەشێک لە باوەڕمەندانی ئایینیە زاگرۆسییەکان شانبەشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تێکۆشان و نەچوونە ژێر باری ئایینی داسەپاو، بەڵکو لەسەر ئایینی دێرینی خۆیان مانەوە، کە یەکێک لەوانە پێڕەوانی ئایینی یارییە.

ئایینی یاری، نموونەیەکی ڕاستەقینەی بزاوتێکە کە بە درێژاییی زەمان و لە سەردەمانی جیاوازدا، هەر لە هووریگەرییەوە هەتا مێهرپەرستی و زەردەشتیگەری هەبووە، بزاوتێک کە لە سەدەی حەوتی کۆچییەوە گەشەی زیاتری کردوە.

یارسان خاوەنی فەلسەفە و ڕوانگەی مرۆڤدۆستییە، باوەڕی بە دونیای پاش مردن و هەستانەوەی دووبارە هەیە، بۆ گەیشتن بە ئازادی، حەقیقەت و مرۆڤخودایی.(1)

سەرچاوەی یاسا و بیری ئایینی یاری دەچێتەوە سەر مەڕنۆ و لەوێوە چوارچێوە وەردەگرێ. پاشانیش خاوەنکار دەبێتە چەمکێکی نوێ و ژیان ڕەنگڕێژ دەکا و هەوڵ دەدا لە حەقیقەت بگا.

بوونی یارسان بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، سەلمێندراوە و سوڵتان سەهاک و یارانی لە پردیوەری هەورامان، ڕێساویاسای ئایینی یارییان داڕشتوە.

واتا لە دوای ڕووداوی "مەڕنۆ"وە، چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی یارسان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و شێوازێکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ. بەڵام هەتا ئێستاش تەنانەت زۆربەی خەڵک لەبەر ناشارەزاییییان لە ڕووداوی مەڕنۆ و خاوەنکار، زۆر ئاگاداری حەقیقەتی ئەم جەژنە نین و تەنیا وەک جەژنێکی سادە و نەریتی چاوی لێ دەکەن.

**یارسان:**

یارسان لە دوو وشەی "یار" و "سان" پێک هاتوە، بە واتای "یارانی پاشا"، پاشایش هاوواتای خودایە.

یارسان بەشێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەگرێتەوە کە ئێستا لە چەند ناوچەیەکی کوردستان و دنیادا هەن. چالاکیی هزریی یارسان پەیوەستە بە ئاشکرابوون، دەرکەوتن، ئەوین و باوەڕمەندی بە فەلسەفەی دۆناودۆنەوە(٢).

یارسانیش وەک گشت ئایینەکانیتر، خۆی لە پلەی حەقیقەتدا دەبینێتەوە و لەم سۆنگەیەیشەوە لێکچوون لەنێوان یارسان و ئایینەکانی دیکەدا هەیە.

یەکەمین کەسایەتییەک کە باسی لە یارسان کردبێ بالوولی ماهییە کە لە سەدەی دووەمی کۆچی مانگیدا ژیاوە. دوای ئەو شاخۆشین لوڕستانی، بابا سەرهەنگ دەودانی، بابا جەلیل و بابا ناوس سەرگەتی تا سەرەتاکانی سەدەی حەوتەم، یەک لەدوای یەک، هاتوون و سەریان هەڵداوە. پاشان، سەدەیەک دواتر، سوڵتان سەهاک دێت کە دەبێتە ئامادەکاری نیزامی دینیی ئەم بزووتنەوەیە.

بەپێی دەقە کۆنەکانی یارسان و شرۆڤەی ڕووداوەکانی ئایینی یاری و هەروەها ڕۆژژمێری کوردی، سوڵتان سەهاک دەبێ لەساڵی ٦٢٢ی کۆچی هەتاوی بەرانبەر بە ٦٤٠ مانگی و ١٢٢٠ی زایینی لە دایک بووبێ.

یارانی سوڵتان بەپێی باڵادەستی و یەکەمینی، بەم شێوەیە دابەش دەبن:

هەفتەن، هەفتەوانە، هەفت خەلیفە، هەفت سازچی، هەفت ئاخێوەر، هەفت گۆزەچی، هەفت سەقا، هەفت پێشکار، هەفت فەرمان، هەفت هەفت، هەفت یاری قەوەڵتاس، هەفت سەردار، بیستویەک مێردی بەرزنجە، هەفتاودوو پیر، نەوەدونۆ پیر، شەستوشەش غوڵام، چلتەن، چلتەنان، هەزارویەک مێرد، هەزاروشەست مێرد و بێوەن بێوەنەکان.

لەنێو یارساندا بەڕێوەبەری زاتی، دوور لە ناوچەگەری و ناوەندگەرایی دەستنیشان دەکرێ و هێز و دەسەڵات بە تاک یا بە

ناوەندێک نادرێ. لە ڕاستیدا هیچ کەسێک لەم کۆمەڵگەیەدا نییە کە سەر بە گرووپ یان خانەدانێک نەبێت و تەنانەت پاشای ئافرێنەریش بەو چوارچێوەیە پابەندە.

ناوەند یان قەڵەمڕەوی ژیان و جوغرافیای مرۆییی یارسان لە پێشدا باشووری زاگرۆس "لوڕستان، هەورامان، داڵاهۆ، کرماشان و شارەزوور" بووە، پاشان بە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و ئێراندا بڵاو بوونەتەوە. بەشێک لە یارسانییەکان لە باشووری کوردستان دەژین. بۆ وێنە، لە خانەقین، کەرکووک، سلێمانی و هەولێر و تەنانەت لە مووسڵ و بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقیشدا یارسانی دەژین. یارسانی لە شارەکانی باکووری کوردستان هەن، وەک دێرسیم و سێواس. هێندێکی دیکەیش لە ڕووسیە و لە ناوچەی "ئەلیزابت پول"، لە دەوروبەری "قارس"دا نیشتەجێن. لەگەڵ دەرکەوتنی "قوشچی ئۆغلوو" لە ناوچەی ئازەربایجان و هەروەها بە هۆی بوونی شاوەیسقولی و ڕەچەڵەکی ئەو لە تورکستان و هەروەها لە سۆنگەی برەو و ئاشکرابوونی ئایینی یاری لەم ناوچەیەدا، هەندێک لە یارانی تورک(٣) هۆگر و پێوەستی ئەم ئایینە بوون.

"جەم". جەم خۆی لەخۆیدا، هێمایەکی ئایینیە کە هزری یەکگرتوویی و یەکبوونی یار و یاران پێک دێنێ، تا ئەو شوێنەی سیمای یار لە ڕوخساری یاراندا بە دی بکرێ.

**خاوەنکار:**

خاوەنکار، یانی خاوەنی کار، سێحەبی کار یا سێحەبکار. لە ئەدەبیاتی کوردیدا "خاوەن" بە واتای سێحەب دێت و مەبەست لە "خاوەنکار"یش ئافرێنەر و خاوەنی چەرخی گەردوونە. ئەم وشەیە هاوواتای "خودا"، "یەهووە" و "ڕۆحی پیرۆز"ە و لە کەلامەکانی یارساندا بە واتای جۆراوجۆری دیکەی وەک: "ساحیبکەرەم"، "پاشا"، "ساحیبکار"، "سوڵتانی حەقیقەت" و "شای هەورامان"یش لێک دراوەتەوە. لە یارساندا جەژنێک هەیە بە ناوی "خاوەنکار" و لەبەر ئەوەی "مەڕنۆ" وەک شوێنی ڕووداو یادی لێ دەکرێتەوە، ئەم جەژنە وەکوو جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوی لێ دەبرێ. ئەم جەژنە بە خاتری ئامادەبوونی سوڵتان سەهاک و یارانی لە شوێنی ڕووداوەکە و سەرکەوتنی تیشک بەسەر تاریکاییدا و بوونی ڕەسمیی یارسان لە فۆرمی مرۆڤدا، وەک خاڵی وەرچەرخان و

کەوتوون و هێرشیان کردوونەتە سەر. سوپایەک لەژێر ناوی "چیچەک"، کە پێک هاتبوون لە نەیاران و تاریکپەرستانی ناوچەکە، بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پشتیوان کە بۆ پیلانگێڕی ڕەوانەی دەڤەرەکە کرابوون، ڕووبەڕووی سوڵتان سەهاک و یارانی بوونەتەوە. سوڵتان سەهاک لەگەڵ یارانی پەنا دەباتە ئەشکەوتێک بەناوی "مەڕنۆ" و بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئەنجامی هەڵکردنی با و بۆران و گەردەلوول، سوپای چیچەک لە پاش سێ ڕۆژ تەفروتونا دەبن و لە ئاکامدا بەهۆی ڕووداو و بەڵای سرووشتی، ناچار دەبن ناوچەکە بەجێ بەێڵن.

سوڵتان سەهاک، لە بەر ئەوەی سوپای چیچەک نەیتوانیبوو بە ئامانجی خۆی بگا و لە پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نەبووبوون، دوای ڕۆژی سێیەم بڕیار دەدا جەژنێک بەڕێوە ببا بە ناوی جەژنی "خاوەنکار". ئەم جەژنە، بە جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوبانگی ڕۆیشتوە. دوای بەڕێوەچوونی جەژنەکە، سوڵتان و یارانی درێژە بە سەفەرەکەیان دەدەن و دەگەنە هەورامان.



یەکەمین پەیڤی نووسراو بە شێوەی هۆنراوە لە زمانی کوردیدا، تایبەتە بە یارسان کە بە زاری گۆرانی یا هەورامی نووسراوە.

یارسانی هەرگیز، نەچووەتە چوارچێوەی یاسایەکەوە کە ئازادیی خۆی لەدەست بدا و لە باری فیکرییەوە یەخسیر بێ. بەکاربردنی یاساوڕێسا بەشێوازی ئەخلاقی، هەنگاونانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی مرۆیی. بەڵام ئەخلاق لە شێوازی سەرەتاییدا بە واتای ڕیفۆرمی تاکایەتی دێت و وەک پێداویستیی هەبوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی خۆی پێشان دەدا. هەر ئەو مژارە دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە "تەواوەتی" و قبووڵنەکردنی خراپە و خراپی لە تاکەکانی کۆمەڵگەی یاریدا. ئەمەیش وەک پێداویستییەک بۆ دروستکردنی پەیوەندی و لێک نزیکبوونەوە خۆی دەردەخا و ئاشکرا دەبێ.

بنەڕەتیی بیرۆکەی یاری، یادی لێ دەکرێتەوە و هەموو ساڵێک لە کۆمەڵگەی یارساندا پیرۆز دەکرێت.

**مەڕنۆ:**

"مەڕنۆ" وشەیەکی لێکدراوە، لە"مەڕ" بە واتای "ئەشکەوت" و "نۆ"یش بە واتای "نوێ" دێت کە لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا واتای سەرهەڵدانی چەمکی نوێیە لە جیهانی بووندا.

ئەم واتایە دابەش دەبێت بەسەر چەند بەشێکی وەک: شرۆڤەی ڕواڵەتیی حیکایەتی مەڕنۆ، دەرکەوتنی چوارچێوە و یاساکانی هزری یاری و ڕۆژژمێری کوردی.

**شرۆڤەی ڕواڵەتیی حیکایەتی مەڕنۆ**

سوڵتان سەهاک بەرزنجەیی، کوڕی "شێخ

**دەرکەوتنی چوارچێوە و یاساکانی هزری یاری**

لە ڕاستیدا "مەڕنۆ" خاڵی وەرچەرخانی هزری یارییە کە هەر بە هۆی ئەم ڕووداوەوە بوونی یارسانیش سەلمێندراوە.

مژاری یارسان بەر لە "مەڕنۆ" تەنیا وەک ئەدەبیاتێکی باوەڕی هەبووە، ئەوەیش بەدەر لە چوارچێوەی مەدەنی، دەستووری و سیستەمی ئایینی. بەڵام دوای "مەڕنۆ" کۆمەڵگەی یارسان دەبێتە خاوەنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینیی تایبەت بە خۆی.

مەڕنۆ تەنیا واتای بەجێهێنانی فەرزی ڕۆژوو، ڕەنج و تاقەت، پەیامی ئەوین، دوورەپەرێزی لە خۆبەزلزانی، پابەندبوون بە نەبوون و پاراستنی ڕاز نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا، هەڵگری پەیام و ڕازی

**ئایینی یاری، نموونەیەکی ڕاستەقینەی بزاوتێکە کە بە درێژاییی زەمان و لە سەردەمانی جیاوازدا، هەر لە هووریگەرییەوە هەتا مێهرپەرستی و زەردەشتیگەری هەبووە، بزاوتێک کە لە سەدەی حەوتی کۆچییەوە گەشەی زیاتری کردوە. یارسان خاوەنی فەلسەفە و ڕوانگەی مرۆڤدۆستییە، باوەڕی بە دونیای پاش مردن و هەستانەوەی دووبارە هەیە، بۆ گەیشتن بە ئازادی، حەقیقەت و مرۆڤخودایی**

بناغەی باوەڕی یاری، ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی. ئێمە دەتوانین ڕاستیی ئەم باوەڕە لە تەوەری "خۆناسی" و "مرۆڤخودایی"دا دەستنیشان بکەین کە بنەمای فیکریی ئەم ئایینەن. یارسان بەپێی فەلسەفەی دۆناودۆن، ئیمانی بەگشت بوونێک و بە باوەڕی جۆراوجۆر هەیە، هەر بۆیە هەموو "خود"ێک بە بەشێک لە خۆی دەزانێت.

لە یارساندا مژاری مرۆڤخودایی کاتێک بەسەر ڕوانگەی کەسێکدا زاڵ ببێت، بەو قەناعەتەی دەگەیەنێ کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بەدوای خودادا بگەڕێ. ئاکامی دڵنەرمی و هەستی یەکترویستییش لە یارساندا، دەبێتە هۆی سازدانی سەمبولێکیی

عیسا"، یەکێک بووە لە گەورەکانی ناوچەکە. سوڵتان سەهاک لەساڵی ٢٦٠ی کۆچی هەتاوی لە بەرزنجەی سەر بە "عەربەت" لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە.

لەبەر ئەوەی لە باری بیر و بڕواوە کەسێکی جیاواز بووە، لە سەردەمی منداڵیدا، براکانی و خەڵکی ناوچەکە بەرانبەری نەرمونیان نابن و لەگەڵی کەوتوونەتە ململانێی فیکری. پاشان لەبەر گوشار و زوڵم و زۆریی هێزە دەسەڵاتخواز و ڕادیکاڵەکان، لە ناوچەی بەرزنجەی سلێمانییەوە بەرەو هەورامان کۆچی کردوە.

لە ڕێگە، لە نزیکی هەورامان و لە کێوی "شنروێ"ی ئێستادا، هێزێکی نەیار دوایان

شاراوەییە، ئەویش لە سیستەمێکدا کە مرۆڤ بتوانێ تێیدا ڕۆحی تێکۆشان برەو پێ بدا و لە پێناوی بەدەستهێنانی هەبووندا لە دژی تاریکی بەربەرەکانی بکا و لە بێهێزی بێتە دەر و ڕێگەی ڕاست درێژە پێ بدا.

سوڵتان سەهاک لە هەنگاوی یەکەمدا یەکەمین دەستووری دینی و باوەڕیی خۆی لە ڕێگای ئەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕاگەیاندوە. ئەو دەفەرمێ:

**"ڕوکن وە دەفتەر، ڕوکن وە دەفتەر**
**ڕوکن ئی تاریخ بنویس وە دەفتەر**
**نەی چلەی تاوسان یەرێ ڕۆ سەبت کەر**
**مانگ و دڵی ڕاس دوازدەی سفید پەڕ**



سارۆ خوسرەوی

**یەرێ ڕۆی یاران چیگام بی وە فەڕ**
**عەید و پادشاهیم دووهەم داش ئەسەر"**

واتە: بەپێی ئەرکانی دەفتەر، پایە و ئەرکانی ئەم مێژووە لە دەفتەردا بنووسن، لە چلەی هاویندا سێ ڕۆژ تۆمار بکە، لە مانگی نێوەڕاستدا، واتە لە چلەدا کە دنیا سپی دەبێتەوە، لە دوانزەیەم ڕۆژیدا، یاران سێ ڕۆژ لێرە بنیشنە ناو فەڕ، واتە ڕۆژوو بگرن، دووەم جەژنی پادشاهیم دەردەکەوێ. ئەو پەیڤەی سوڵتان سەهاک دواتر لەلایەن زاتدارانی دیکەوە، وەک سەرچاوە، پێداگریی لەسەر کراوە و شی کراوەتەوە.

داب و دەستووری بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە بەپێی کەلامەکانی یاری جۆرێکە، یارسانییەکان لە کاتوساتی دیاریکراودا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە بوومەلێڵدا "پارشێو" دەکەن و تا خۆرئاوابوون و دەرکەوتنی ئەستێرە بەڕۆژوو دەبن. دوای ئەم سێ ڕۆژە، جەژنی خاوەنکار یان جەژنی شاهی بەڕێوە دەچێ.

نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە ئاوایە کە هەر بنەماڵەیەکی یارسانی لەسەریەتی کەڵەشێرێکی تەندروست کە بتوانێ بقوولێنێ، لەگەڵ مەنێک (سێ کیلۆ) برنج کە بە ڕۆنی خۆماڵی لێنرابێت، بباتە خزمەتی جەم و جەمخانە هەتا لەوێ لەلایەن سەیدەوە نزای لەسەر بخوێنرێ و پاشان بە شێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان خەڵکیدا دابەش بکرێ. جگە لەو شتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرە، "نیاز"یش دەکرێ لە هەنار، سێوی سوور و چەند شتی تریش پێک بێ و لە جەمدا ئامادە بکرێ.

جەمی دابەشکردنی هێز و دەسەڵات، جەمی دابەشکردنی نیاز، جەمی هاریکاری و یەکیەتی پێک دێ و ئەوجا جەمنشینان سەرقاڵی داگیرساندنی مۆم دەبن و لەگەڵ تەمبووردا کەلام دەخوێنن.

لە ڕۆژی جەژندا، یارانی یاری، خۆیان بۆ سەردانی یەکتر ساز دەکەن و ئەندامانی جەمخانەکان بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی یەکتر دەکەن. ئەم نەریتە لە لای گشت ئەندامانی کۆمەڵگەی یارسان، جێگای خۆی گرتوە.

***

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١) مرۆڤخودایی: واتا خودا لە وجوودی مرۆڤدا خۆی نیشان بدا. خودا، خۆی لە مرۆڤ دانابڕێ و پەیوەندیی لە گەڵ دەگرێ. ڕەوانی مرۆڤ بەشێکە لە ڕەوانی خودا. هەر بۆیە خودا لە ڕێگای گەڕانی ڕەوانەوە خۆی بە مرۆڤ نیشان دەدا و مرۆڤ دەتوانێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دوای خودادا بگەڕێ. بۆ نموونە، لە یارییدا "سوڵتان سەهاک" خاوەن زاتی خوداییە.

٢) دۆناودۆن: واتا گەڕانی ڕۆح لە دەورانێکی دیکەدا، ئاوێتەبوونی زات لەگەڵ لەشدا. مرۆڤ هەر جارە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم جیهانە، بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ دەورەی پێشدا، پێشکەوتنی ڕۆحیی دەبێ. لە فەلسەفەی دۆناودۆندا، مردن بریتییە لە گەڕانی ڕەوان، لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە.

٣) یارانی تورک مەبەست لەو تورکانەی ئازەربایجانن کە هۆگر و شوێنکەوتووی ئایینی یارین.

**سەرچاوەکان:**

- سەرنجام (کەلامەکانی یارسان)، نووسینی تەیب تاهیری، ٢٠٠٧، سلێمانی، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کورد.
- مێژوو و فەلسەفەی سەرنجام (شرۆڤەی فیکری و باوەڕیی یارسان)، هەمان نووسەر، ٢٠٠٩، هەولێر دەزگای موکریان.
- ڕۆژژمێری ئاریایی کوردی، ٢٠١٠، هەمان نووسەر، هەولێر دەزگای موکریان.
- بانگی سەرحەدان، ٢٠١٣، هەولێر دەزگای موکریان.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (پلاندانانی ستراتیژی )



و:مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.''**
**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

ڕێبەرانی بزووتنەوە بۆ بردنەسەرێی ئەگەری سەرکەوتن دەبێ هەندێ پلانی بەربڵاو ئامادە بکەن کە پێویستە هەم توانایی بەهێز کردنی خەڵکی چەوساوە و هەم لاواز کردن و پاشان لەبەین بردنی دیکتاتۆری و وەدیهێنانی دێموکراسییەکی بە هێزی تێدا بێ.

گەیشتن بەم پلانە پێویستیی بە هەڵسەنگاندنی وردی دۆخەکە و بژارەکانی بەردەستە. ئەڵبەتە بەبێ ئەم لێکدانەوە وردەش، دەکرێ پەرە بە ستراتیژییەکی گەورە و زنجیرەیەک ستراتیژیی تایبەت بۆ درێژەدان بە خەبات بدرێ. لەبەر ئەوەی کە پەرەپێدان بە ستراتیژیی گەورە و هەندێ ستراتیژیی تایبەت، دوو ڕەوتی لێک جیاوازن. تەنیا دوای پەرەگرتنی ستراتیژیی گەورە، ستراتیژییە تایبەتەکان دەکرێ بەتەواوی پەرە بستێنن. ستراتیژییە تایبەتەکانی خەبات دەبێ بە مەبەستی بەهێز کردن و گەیشتن بە ئامانجەکانی ستراتیژیی گەورە، دابڕێژرێن.

گەشە پێدانی ستراتیژیی بەرگریکارانە پێویستیی بە لێوردبوونەوە و کارێکی زۆرە. لێرەدا دەبێ هەندێ پێوەری گرینگ چ لە ئاستی ستراتیژیی گەورە و چ لە ئاستی هەندێ ستراتیژی تایبەتیدا، دیاری بکرێن و سەرنجیان بدرێتێ. بەهەرحاڵ، هەموو پلاندانانێکی ستراتیژیک پێویستیی بەوەیە کە داڕێژەرانی خەبات خوێندنەوەیەکی قووڵیان لە کۆی ڕووداوەکان و هاوکێشەکان هەبێ، کە ئەمەش هۆکارەکانی فیزیکی، مێژوویی، دەوڵەتی، سەربازی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونناسی، ئابووری و نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێ.

ستراتیژییەکان تەنیا لە بەستێنی خەباتێکی تایبەت و بە لە بەرچاو گرتنی پێشینیەی ئەو خەباتە دەتوانن گەشە بکەن. ڕێبەرانی خەبات و داڕێژەرانی ستراتیژیک دەیانەوێ ئامانجەکانیان بەپێی گرینگیی کارەکانیان هەڵبسەنگێنن و کاریان لە سەر بکەن. ئایا ئامانجەکان بایی ئەوەندە دەبن کە خەباتێکی گەورەیان بۆ بکرێ، بۆچی؟ دیاری کردنی ئامانجی ڕاستەقینەی خەبات زۆر گرینگە. پێشتر ئەوەمان باس کردوە کە ڕووخانی دیکتاتۆر یان لادانی دیکتاتۆرێک بە تەنیا بەس نییە، دەبێ ئامانجی ئەم خەباتانە دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و حکوومەتێکی دێموکراتیک بێ. ڕوون بوونەوەی ئەم خاڵە کاریگەریی لەسەر گەشەی ستراتیژیی گەورە و ستراتیژییە تایبەتەکانی ئەو بابەتە هەیە.

ستراتیژیستەکان بە تایبەتی پێویستیان بەوەیە کە وەڵامی زۆر پرسیاری بنەڕەتی بدەنەوە. لەوانە:

١- لەمپەرەکانی سەرەکیی گەیشتن بە ئازادی چین؟

٢- ئەو هۆکارانەی کە گەیشتن بە ئازادی ئاسان دەکەنەوە کامانەن؟

٣- هێزی سەرەکیی دیکتاتۆری لە چیدایە؟

٤- خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆری کامانەن؟

٥- سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆری تا چەندە زەفەریان پێ دەبرێ؟

٦- خاڵە بەهێزەکانی خەڵک و هێزە دێموکراتیکەکان کامانەن؟

٧- خاڵە لاوازەکانی خەڵک و هێزە دێموکراتیکەکان کامانەن و چۆن دەکرێ نەمێنن؟

٨- لایەنی سێهەم، واتە ئەو کەسانەی کە هێشتا نەهاتوونە نێو کێشەکەوە بەڵام یارمەتیی لایەک دەکەن یان لەوانەیە یارمەتی بکەن، بارودۆخیان چۆنە؟

### هەڵبژاردنی شێواز

لە ئاستی ستراتیژیی گەورەدا پلانداڕێژان پێویستیان بەوەیە کە شێوازی سەرەکیی خەبات کە بڕیارە لەو ململانێیەدا کەڵکی لێ وەربگیرێ، دیاری بکەن. تواناییەکان و بەربەستەکانی هەرکام لە تیکنیکەکانی خەبات وەکوو شەڕی چەکداریی کۆن، شەڕی پارتیزانی، خەباتی سیاسی و هتد، دەبێ لێک بدرێنەوە.

بۆ ئەم بژارەیە، ستراتیژیستەکان دەبێ ئەم پرسیارانە لە بەرچاو بگرن: ئایا ئەم شێوازەی خەبات لە توانایی دێموکراتەکاندا هەیە؟ ئایا ئەم شێوازە توانایی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی خەڵکی هەیە؟ ئایا ئەم تیکنیکە خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆر دەکاتە ئامانج یان پەلاماری خاڵە بەهێزەکانی دەدا؟ ئایا ئەم شێوازە یارمەتیی دێموکراتەکان دەکا کە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن یان بە گرووپێکی سێهەم یان لایەنی دەرەکییانەوە دەبەستێ؟ ئایا ئەم شێوازە پێشتر توانیویە دیکتاتۆرێک بڕووخێنێ؟ ئایا ئەم شێوازە وێرانییەکانی دوای ئەو کێشمەکێشانە زیاتر دەکا یا کەمتر؟ ئەگەر وای دانێین کە بەسەر دیکتاتۆردا سەر دەکەوین، ئەم شێوازە چ کاریگەرییەکی بەسەر حکوومەتی داهاتوودا دەبێ؟ هەروەژا هەندێ کار کە لەوانەیە بێ کەڵک بن، دەبێ لە پەرەپێدانی ستراتیژیی گەورەدا ڕێگایان پێ نەدرێ و دوور بخرێنەوە.

لە بەشەکانی پێشوودا باسمان لەوە کرد کە خەباتی سیاسی، باشییەکانی لە تیکنیکەکانی دیکەی خەبات زیاترە. ستراتیژیستەکان لە سەر خەباتی خۆیان دەبێ بە وردی بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا خەباتی سیاسی وڵامەکانی لە سەر پرسیارەکانی سەرەوە ئەرێنین یا نە.

### پلاندانان بۆ دێموکراسی

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە ئامانجی ستراتیژیی گەورە لە بەرانبەر دیکتاتۆریدا تەنیا ڕووخانی دیکتاتۆر نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و ڕێگە نەدان بە دروست بوونی دیکتاتۆرێکی تازەیە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ئەو شێوازەی بۆ خەبات هەڵبژێراوە دەبێ لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە دابەش کردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بەشدار بێ.

خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا زۆر لاواز بوون و دەوڵەت بەهێز بووە. بۆیە بەبێ ئاڵوگۆڕ لەم هاوسەنگیەدا، دەسەڵاتدارانی نوێ ئەگەر بیانەوێ دەتوانن وەکوو دیکتاتۆرەکانی پێش خۆیان ڕەفتار بکەن. کەوابوو «شۆڕشی کۆشکی» یان کوودەتا باش نییە.

خەباتی سیاسی لە ڕێگای ئامادەکردن و ڕێکخستنی خەڵک بە دژی دیکتاتۆری، هەروا کە لە بەشی پێنجەمدا باس کرا، یارمەتی بە دابەش کردنی دادپەروەرانەی هێزە کاریگەرەکان لە کۆمەڵگە دەکا. ئەم کارە بە چەند شێوازی تایبەتی جێبەجێ دەبێ.

پەرەسەندنی تواناکانی خەباتی ناتوندوتیژ مانای ئەوەیە کە توانایی و دڕندەیی دیکتاتۆر چیدیکە بە ئاسانی لەنێو خەڵکدا ترس و خۆف دروست ناکا. خەڵک بۆ بەرنگار بوونەوە و پێشگرتن لە جووڵاندنی هێز لە لایەن دیکتاتۆرەوە، هەندێ شێوازی بەهێزیان لە بەردەستدایە و جگە لەوەش ڕێکخستنی خەڵک لە ڕێگای خەباتی سیاسییەوە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە بەهێز دەکا. ئەزموونی یەکجار بەکارهێنانی باشی هێز، هەتا ماوەیەکی زۆر لە بیر ناچێتەوە. ئەو شارەزایی و زانستەی کە خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا بە دەستیان هێناوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر وا بە ئاسانی نەچنە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی هیچ دیکتاتۆرێکەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕە لە چەندوچۆنیی دەسەڵاتدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆتاییدا ئیمکانی دامەزرانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی زیندوو، لە پێشوو زیاتر بێ.

### یارمەتیی دەرەکی

وەکوو بەشێک لە ئامادەکردنی ستراتیژیی گەورە، گرینگە کە ڕۆڵی خەباتکارانی نێوخۆ و فشارە دەرەکییەکان لە ڕووخاندنی دیکتاتۆردا لێک بدرێتەوە و دیاری بکرێ. لەم توێژینەوەیەدا باسمان لەوە کرد کە هێزە سەرەکییەکانی خەبات دەبێ لە نێوخۆی وڵاتەوە ڕاسێ. ئەمە خەباتی نێوخۆییە کە یارمەتییە نێودەوڵەتیەکان دێنێتە مەیدان.

وەکوو یارمەتییەکی نەرمتر، دەکرێ بۆ ئامادە کردنی ڕای گشتیی جیهانی بە دژی دیکتاتۆر، لەگەڵ مرۆڤ دۆستی لە ئایین و ئەخلاقیش کەڵک وەربگیردرێ. بۆ ئەو مەبەستانە دەکرێ پەنا بۆ سزادانی دیپلۆماسی، سیاسی و ئابووری ببرێ و دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە دژی دیکتاتۆر هان بدرێن. ئەم هەوڵانە دەکرێ ئەم بابەتانەی خوارەوە بگرێتەوە:

گەمارۆی ئابووری و سزای چەکوچۆڵ، دابەزینی ئاستی بە ڕەسمی ناسینی دیپلۆماتیک یا پچڕانی پەیوەندیی دیپلۆماسی، قەدەغە کردنی هاوکاریی ئابووری و ڕێگەنەدان بە وەبەرهێنان لە وڵاتی دیکتاتۆری، دەرکردنی دەوڵەتی دیکتاتۆر لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. جگە لەمانەش یارمەتیە نێودەوڵەتییەکان، وەکوو یارمەتیی ئابووری و دروست کردنی پێوەندی دەکرێ ڕاستەوخۆ بگاتە دەستی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان.

***



**ئامانجی ستراتیژیی گەورە لە بەرانبەر دیکتاتۆریدا تەنیا ڕووخانی دیکتاتۆر نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و ڕێگە نەدان بە دروست بوونی دیکتاتۆرێکی تازەیە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ئەو شێوازەی بۆ خەبات هەڵبژێراوە دەبێ لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە دابەش کردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بەشدار بێ**

---

## هەگبەی شاخ و شۆڕش






برایم چووکەڵی

کات دێ و تێدەپەڕێ و ئەوەی ڕادەبرێ دەبێتە برگەیەک لە مێژوو. مێژووش ئەوەیە کە ڕووی داوە، لەو نێوانەشدا، ڕوون و ئاشکرایە نیشتمانپەروەران و داکۆکیکارانی ماف و ئازادییەکانی گەلانی بندەست بەشێکی گرینگ لە ئەکتەر و ڕۆڵگێڕانی مێژوون. لەسەر هەمووانە کە ئەو بەشە لە مێژوو بەرز ڕابگرین و ئەزموونی ئەو مرۆڤە فیداکارانە لەبیر نەکەین. لەگەڵ ئەوەی دەرسی خۆڕاگری لە ژیانیان فێر دەبین، لەهەمان کاتدا دەبێ بەخشینی گیانیان و هەڵوێستی جوامێرانە و قارەمانەتییان بۆ نەسڵەکانی دواتر باس بکەین و ئەوانیش بە ئەمانەتەوە بیپارێزن. نابێ ئەو ڕاستییەشمان لەبیر بچێ کە ئەگەر لە مێژووی خۆمان بێئاگا و بێخەبەر بین، مەحکووم بە دووبارەبوونەوە دەبین. لە ستوونی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا، یادی شەهید باقی بەهادۆران دەکەینەوە.

لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا و لە کاتێکدا دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا بە تەواوی باڵی بە سەر وڵاتەکەماندا کێشابوو و زەبروزەنگی دەستوپێوەندەکانی ئەو ڕێژیمە خەڵکی کوردستانی وەزاڵە هێنابوو، لە گوندی گەلاز لە ناوچەی دەشتەبێلی سەر بە شاری شنۆ، لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواریدا، باقی بەهادۆران چاوە گەشەکانی بە ڕووی دونیای ڕووندا هەڵێنا. بەرەبەرە کە هەڵی دا و گەورە بوو، لە داوێنی زنجیرە چیاکانی ئەو مەڵبەندە، بە ئارەقە ڕشتن و کاری تاقەتپڕووکێن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی هەژارانە وەخۆ کەوت. شەهید باقی بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان و هەروەها بێدەرەتانیی بنەماڵەکەی لە بەهرەی خوێندن بێبەش مایەوە. ژیانی باقی تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە کاری سەختی وەرزێرییەوە تێپەڕی. ئەو ژیانە ئەستەم و پڕ لە چەرمەسەرییە دنیایەک ڕق و قینی شۆڕشگێڕانەی لە نێو دڵی باقیدا کۆ کردبۆوە. ناوبراو لە هەموو ئەو چەوسێنەرانە بێزار بوو کە بەسەر کۆمەڵ و ژیانی خەڵکدا دەسەڵاتی شومی خۆیان سەپاندوە و خەڵکیان لە نەهامەتی و چارەڕەشیدا هێشتبۆوە. هەر بۆیە کاتێک بڵێسەی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کرد، باقیش بە تەمای دەستەبەرکرنی ژیانێکی ئاسوودە و بەدوور لەستەمی نەتەوایەتی شانبەشانی خەڵک بەشداریی ئەو ڕاپەڕینەی کرد.

باقی بەهادۆران پاش سەرکەوتنی شۆڕش، گەیشتن بە حەز و ئاواتەکانی لە وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتدا بەدی دەکرد و بێڕاوەستان هاوکات لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات شانبەشانی ئاموزاکەی (سەروان حاتەم دوعاخان) لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ دا چەکی پیشمەرگایەتیی هەڵگرت و لە هێزی شەهید سمکۆی ئەو کاتدا دەستی بە تیکۆشانی سیاسی کرد.

ئەو لاوە قارەمانەی ناوچەی شنۆ لەو کاتەوە کە بوو بە پێشمەرگە، تا دوایین ساتەکانی ژیانی پێشمەرگانە ژیا و پێشمەرگانە خەباتی کرد و پێشمەرگانەش سەری دانا. ئەو تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد تەرخان کرد. لە ڕەوتی تێکۆشان و خەباتی شێلگیرانەی خۆیدا، بڕوا و ئیمانی قووڵی بە ئازادیی نەتەوەکەی پەیدا کرد و لەبەر ئەوەیکە بەتەواوی هەستی بە ژێرچەپۆکی و بێبەشیی گەلەکەی کردبوو، ئازایانە بۆ ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی تێدەکۆشا. ئەو بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە خۆشەویستی هاوسەنگەران و خەڵک بوو.

باقی بەهادوران بەهۆی لێوەشاوەیی و لێهاتوویی کارزانی، هەر زوو وەک فارەماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ دیاری کرا. لە عەمەلیاتە گەورەکانی ناوچەی ورمێ و شنۆ بەشداریی چالاکانەی کرد و، لە تەواوی ئەو عەمەلیاتانەدا، کەسێکی ئازا و بەهیمەت و جوامێر بوو. لە پێناوی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەدەکرد، بە دژی دوژمنان و ناحەزانی حیزب ڕادەوەستا. چونکە چاک دەیزانی حیزبی دێموکڕات ئیرادەی گەل و خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاری و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی شەهید باقی، بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. ناوبراو بە هۆی لێوشاوەیی لە کاری نیزامیدا وەک فەرماندەری لک دیاری کرا و زۆر شەڕی قارەمانانە لەو مەڵبەندە بە فەرماندەیی ناوبراو کرا. بەتایبەتی عەمەلیات بۆ گرتنەوەی شاری ورمێ و عەمەلیاتی قارەمانانەی تێکشکاندنی گوردانی زرێهی قەزوین بە فەرماندەهی ئەو خەباتکارە، ئێستاش لە بیر و زەینی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە و وەک لاپەڕەیەکی زێڕین و پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی ڕەوای پیشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندەدا، دەدرەوشێتەوە.

باقی بەهەق هەموو توانا و لێوەشاوەیی خۆی لە خزمەت بە حیزب و خەڵکدا خستە کار. ناوبراو لە ماوەی شەش ساڵ پێشمەرگاتیی خۆیدا دەیان عەمەلیاتی گەورە و بچووکی فەرماندەیی کرد و شەش ساڵ خەباتی بێوچان لە ناوچەی شنۆ و ورمێ و چیا و دۆڵ و لاپاڵەکانی ئەو دەڤەرە، شەهید باقی کردبووە سیمایەکی ناوبەدەرەوە و جێی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیە. ئەو تا کاتی شەهید بوونی ئەرکی فەرماندەری لکی بەڕێوەبرد و هەر لەژێر فەرماندەیی نیزامیی ئەودا چەندین مۆڵگەی دوژمن دەستیان بەسەردا گیرا، دەیان کەمینی سەرکەوتوو دانرا و، بە دەیان هێرشی دوژمن تێک شکێندرا.

ڕۆژی ٢٥ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بوو، ڕۆژ ڕۆژی کوڕانی دێموکرات بوو. لەو ڕۆژەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری «دەشتەکان» لە گەلی بەراندێز دەدەن و باقی قارەمان و هاوڕێیانی بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرەستی دەبنەوە و دەرسێکی لەبیرنەکراو بە داگیرکەران دەدەن،بەڵام مخابن ئەوە دوایین فیداکاریی ڕۆڵەی قارەمانی ناوچەی شنۆ بوو. لەو شەڕەدا باقی بەهادوران سینگی پڕ لە ئەوینی نیشتمانەکەی کەوتە بەر گوڵلەی شەوپەرەستان و گوڵی تەمەنی لە ٣١ ساڵیدا هەڵوەری.

ڕێگای خەباتی بەردەوام.

# شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ



ڕەسووڵ سوڵتانی

جەلال مەلەکشا، شاعیری هەڵوێست و هەڵوەدای ئازادی، وێنە و تابلۆی هەموو مەینەت و ئازارەکانی گەلەکەی بوو. مەینەتیی بێدەوڵەتی و ماڵبەکۆڵی و ژێردەستەیی و ئازارچەشتوویی و لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە خۆڕاگری و نەسرەوتوویی و تینووی ئازادی و هەوڵدان و هاوارکردن لە پێناو ئازادیدا بەبێ پرینگانەوە لە کۆسپ و کۆت و بەند و زیندان و کوشتن و بڕین.

شێعری جەلال، شێعری واتا و هێما و پەیامن. فۆرمی شێعری جەلال شان بە شانی سەردەمی خۆی هاتووە و ئاوازی ناوەوەی شێعرەکانی شاعیر، تایبەتمەندیی شێعری کوردیی دەیەی شێستی بەسەرەوەیە، کە تێیدا شاعیر دەنگی چەوساوە و هاواری ڕاپەڕیوان و هاندەری بندەستانە. شاعیر لە شێعری "شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ"دا بە ڕوونی ئەو ڕەهەندەی ڕوانین و لایەنە جۆراوجۆرانەی فۆرم و زمانمان بە جوانی دەخاتە بەر دەست.

ناوی شێعرەکە، لە سێ وشەی "خوێن و کوێستان و تفەنگ" پێک هاتووە. ئەو سێ وشەیە سێ وشەی سیمبولیکی خەباتی دووروودرێژ و خوێناویی میللەتی شاعیرن. سیمبولیستەکان کاتی خۆی پێیان وابوو سیمبولیزم جۆرێکە لە دەربڕین و بەکارهێنانی ئەو وشانەی بە شێوەیەک قەدەغە کراون و نووسەر و شاعیر واتا و مانایەکی زۆریان تێدا چڕ دەکاتەوە و تەنانەت جاری وابوو پێوەندیی نێوان "دال و مەدلوول" واتە هێما و ئاماژەپێکراوەکە هێندە لێک دوور دەکەوتەوە، کە بە زەحمەت دەخرانەوە سەر یەکتر.

کوێستان، لە شێعری جەلال و بەشێکی هەرە زۆری شاعیرانی هاوچەرخی ئەودا، هێمای خەبات و خۆڕاگری و سەوزی و سەربەرزی و سەربەتەمی و دواجار هێمای خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕی کورد و سەنگەری بەرگری و خۆڕاگرییە. وەک مامۆستا هێدییش دەڵێ:

**حەیفە کوێستان بەو چیا بەرزانەوە هەر تەم نەبێ**
**ئەو تەمە پیرۆزە سایەی لەو سەرانە کەم نەبێ**

یان هێمن دەڵێ:

**هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و ناژیم بە دەستندە**

کەوابوو کوێستان و هێماکانی وەکوو هەڵۆ و بەرد و تەنانەت کەو و نسار و بەربەڕۆژکە و ئەشکەوت و دوند و لوتکەشی لەسەر یەک بوونەتە سیمبول و هێمای نێو شێعری شاعیران.

خوێن، یەکێکی دیکە لە کلیلەکانی کردنەوەی هێما و لایەنە شاراوەکانی ئەو شێعرەیە. خوێن و شەهیدبوون و قوربانیدان لە پێناو نیشتماندا، بەشێکن لە ڕاستییە تاڵەکانی مێژووی ئێمە. وەک بڵێی هەڵاڵەکانی کوێستان هەموو لە دڵۆپەی خوێنی شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگارییەوە ڕوابن.

تفەنگ، هێما و ناوێکی دیکەیە، کە شاعیر وەکوو بەشێک لە چارەنووسی سەپێنراو بەسەر میللەتێکی بندەست و چەوساوەدا لەو شێعرەدا باسی دەکا.

با بزانین شاعیر لەو شێعرەدا چیمان پێ دەڵێ:

لەسەرەتای شێعرەکەدا، شاعیر وەک چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە، بە وشەی وتیان دەست پێ دەکا. کێ وتی؟ ئەوانەی وتیان، بە هەڕەشەوە پێیان گوت، یان وەک ئامۆژگاری؟ یان هەر هەواڵێکیان پێدا؟ ڕێک لە دوایە وشە بە وشە مەتەڵەکەمان بۆ هەڵدێنێ:

**وتیان کاکە، وشەی تفەنگ ڕەقە، زەقە، ناهەموارە**
**بەرهەڵستی گەشە و نەشەی شێعرەکانتە**
**شانی شێعرت بەو بۆنەوە بریندارە**

ئامۆژگاریکەر بە شاعیر، کە لەوێدا هێما و سیمبولی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی وڵاتەکەیەتی، دەڵێ: وشەی تفەنگ بەلاوە بنێ. ڕاستە لە شێعرەکەدا دەڵێ وشەی تفەنگ، بەڵام ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێ چەک دانێن. چەک شانتان بریندار دەکا، واتە ئێوە سەربزێوی دەکەن و چەک هەڵدەگرن و مل بۆ چەوسانەوە و توانەوە و لەنێوچوون ڕاناکێشن، بۆیە خوێنتان لەبەر دەڕوا. ئەوە لەگوێخوێندنێکی ئاشنایە. دوژمنی بندەست و چەوساوەکان، ڕقیانە لە ڕابوون و چاوکراوەیی و خەبات.

بەڵام شاعیر لە وەڵامیدا دەڵێ:

**ئەی من چ بکەم،**
**نەخشەی گەورەی وڵاتەکەم تفەنگێکە و**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**لە ناو هەموو نووسراوەکانمدا**
**دیارە...**

شاعیر لە وەڵامدا نەخشەی کوردستانی گەورە دێنێتەوە پێش چاوی ئامۆژگاریکەرەکە و دەڵێ، کاتێک نەخشەی وڵاتەکەم لە تفەنگ دەچێ، من چۆن دەکرێ باسی نەکەم. خۆ من بە هەر بارێکدا باسی وڵاتەکەم بکەم، هەر باسی تفەنگە. ئەوە جگە لەوەی نەخشەی کوردستانی گەورە وەها بیچمێکی هەیە، بەڵام پێشمان دەڵێ هەر باسکردن لە وڵات و ئازارەکانی میللەت، دەبێتە هۆی ئەوەی داگیرکەر بە تفەنگەوە بێتە سەرت، کەوابوو تۆش دەبێ دەست بدەیە چەک. دەی تۆ کە بە چەک دێیتە سەرم، منیش دەبێ بە ناوی چەک و بە چەک خۆمت لێ بپارێزم...

ئامۆژگاریکەر ئەمجارە بەرببنگ بە وشەی خوێن دەگرێ. ئاخر خوێن، وەکوو یەکەم ڕەنگی ئاڵای کوردستان، هێمای خەبات و قوربانیدان و ئەو دەریا خوێنەیە کە لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا پێشکەشی بارەگای نیشتمانمان کردووە و بێکەسیش دەڵێ:


**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ...**

بۆیە وشەی خوێن، یەکێکی دیکە لەو وشانەیە کە داگیرکەر لێی تۆقیوە:

**وتیان ئەی خوێن؟**
**خۆ ئیتر خوێن پێویست ناکا**
**لە ناو شێعرا خۆی بنوێنێ**
**ئەی من چ بکەم؟**
**نیشتمانم دەریای خوێنە**
**ڕەنگی خوێن لە دڵۆپی خوێن بسڕمەوە، چی دەمێنێ؟**
**بتانەوێ و نەتانەوێ شێعری من هەر خوێنە**

لێرەوە، شاعیر پشت دەکاتە ئامۆژگاریکەر و ڕوو دەکاتە شاعیرانی وڵاتەکەی و بە دەنگی بەرز دەڵێ:

**پێتان دەڵێم**
**شاعیرانی وڵاتەکەم پێتان دەڵێم**
**سەری شێعری بێ چەک دەبڕن**
**شێعری بێ خوێن**
**زەرد و بێهێز و لاوازە**
**شێعرێ چیای تێدا نەبێ، زگی دەدڕن**
**پێتان دەڵێم**
**بۆیە شێعرم خوێناوییە و سوورە ڕەنگم**
**من شاعیری نیشتمانی**
**خوێن و کوێستان و تفەنگم....**




**وتیان چیا زۆر سەرکەشە**
**لە ناو شێعرێکی پەسند و ڕێکوپێکدا**
**ناشیرینە قوت بێتەوە...**

چیا، کوێستان، شاخ، لووتکە، کۆمەڵێک وشەی هێمایی و کلیلەوشەی شێعری دەیەی شێستی شاعیرانی کوردن. لێرەدا ئامۆژگاریکەر بە شاعیر دەڵێ: وەرە شێعری ڕۆمانتیک بۆ کچانی جوان بنووسە، شێعری ناسک بنووسە، چیا بەو هەمووە زبری و نارێکییەوە لە نێو شێعرێکدا قوت مەکەوە. واتە شاعیر بانگهێشت دەکا لە ژیانێکی ئارام و بێ هەوراز و نشێو و ئاسوودەدا وردە وردە خەم و ئازارەکان لەبیر بکا و بیر لە خەبات و شاخ و سەنگەر نەکاتەوە. ئاخر چیا هێمای پێشمەرگە و بەرخودانی ڕاپەڕیوان و شۆڕشگێڕانە و لە شێعردا، چەندی بۆ شۆڕشگێڕان وشەیەکی جوان و ورەبەخشە، ئەوەندە لای داگیرکەران زبر و نارێک و ددانشکێن و گورچووبڕە. هەر بۆیە شاعیر دەمودەست دەڵێ:

**ئەی من چ بکەم، نیشتمانم کوێستانێکە و**
**هەرچەند ئەکەم وشەی چیا**
**لە ناو دێڕ و کەرت و ڕستەی شێعرەکانما**
**ناچێتەوە**

سێ ڕستەی دوایی شێعرەکە، ڕوون و بەرز دەڵێ: ئەگەر دەتانەوێ ڕووسووری بەردەم میللەت و بارەگای نیشتمان بن، ئەی شاعیرانی وڵات، ئێوەش شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ بن و وەکوو من ڕووسوور و سەربەرز بژین.

هەڵبەت ئەوە یەکێکە لە کۆی ئەو شێعرانەی جەلال مەلەکشا، کە ئاوا تێیدا وشە دەکاتە هەوێنی هەڵوێست و هەڵوێست دەکاتە بەرگی وشە و لە دەفری خەیاڵدا تێکیان هەڵدەشێلێ و دەیانکاتە شێعر.

جەلال لە شێعری پیرەدار و شەهید و کاروان و باشتر بڵێین لە سەرجەمی وشەکانیدا، هەناسەیەکی لەلای ئازادی و ڕزگارییە، دەستێکی چەکی قەڵەمی پێیە و بە دەستەکەی دیکە ئاڵای پێشەنگایەتیی شێعری سەردەمی خۆی دەشەکێنێتەوە. مخابن ژیانی ئەو شاعیرە گەورەیە، هەموو بەشمەینەتی و دەربەدەری و ماڵبەکۆڵی و خەم و پەژارە بوو. هەر بۆیە دەڵێم جەلال ڕوخساری هەموو نەهامەتییەکانی میللەتەکەی بوو.

***

---

وانەکانی مافی مرۆڤ
(١٨)

## قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا ١٩٤٨



شارۆخ حەسەنزادە

دوو گرێبەستی ٣٠ی مارس و ١٣ی ژوئییەی ١٨٥٦ی پاریس و بەرلین لەو گرێبەستانە بوون کە لە نێوان وڵاتانی ئورووپایی و ئیمپڕاتۆریی عوسمانی بۆ پشتیوانی لە مافی کەمە ئایینییەکان نووسران. لە ئاماژەگەلی دیکە و گرینگیی مافی مرۆڤی لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو سەردەمدا، دەتوانین باسی بەڵگەی کۆتایی کۆنگرەی ڤییەن لە ساڵی ١٨١٥ بکەین کە لەودا مافی کەمینەکان لە چوارچێوەی بنەمای نەتەوە بە فەرمی ناسرا. بە چاوخشاندنێکی خێرا لەم سەردەمەدا و ڕەوتی گەشە و پێشڤەچوونی مافەکانی مرۆڤ دەبینرێ کە، تۆکمەبوون و پتەویی هزری مرۆڤایەتی دوای چاخی ڕێنسانس، مرۆڤی سەدەی هەژدە و نۆزدەی بۆ پرسەکانی ماف هان دا کە زیاتر لایەنی مافە مەدەنییەکانی لەخۆ دەگرت، ئەو مافانەی کە دواتر لە خانەی جیلی یەکەمی مافەکانی مرۆڤ پێناسەیان بۆ کرا. گرنگییەکی دیکەی ئەم سەردەمە لەوەدا بوو کە مافەکانی مرۆڤ کەوتە نێو بەڵگە نێودەوڵەتییەکان و بە تێپەڕینی دەسەڵاتە سەروو نیشتمانییەکان و ئازادی–تەوەری وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئازادیی بەیان، گردبوونەوە و بەشداری و بارمتە قەزاییەکان، ڕەوتی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی مافەیلی مرۆڤ درێژە پێدا.

سەدەی بیستەم بەتایبەت دوو ڕووداوی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر چارەنووسی مافەکانی مرۆڤ لە هەردووک ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی دانا. مشتومڕ لە نێوان دوو بیرۆکەی سیاسیی باوەڕمەند بە ڕەسەنایەتیی تاک و ڕەسەنایەتی گرووپ، لە پەنا جێگرتنی ڕوانگەی ملهوڕی و دیکتاتۆری بە کەڵک وەرگرتن لە ئەندێشەکانی باوی سیاسی و دامەزرانی سیستەمگەلی سیاسیی مارکسیستی، فاشیستی و نازیستی بەجێگای دامەزراوەی سیاسیی لیبراڵ دێموکراتیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چاخەیە. سێ ڕوانینی زاڵی سەرەوە کە کۆڵەکەی بەشێکی زۆر لە نیزامە سیاسییەکانی پڕکاریگەر لە چارەنووسی مافەیلی مرۆڤی ئەو سەردەمی پێک هێنابوو بۆخۆیان خاوەن تەوفیر و وێکچوونی زۆر دەگەڵ یەکتری بوون. هەرچەندە هەرسێک بیرۆکە بە کردەوە دژایەتیان دەگەڵ چەوساندنەوەی مرۆڤ و مافەکانی هەیە بەڵام مارکسیسزم بناخەکەی لەسەر مرۆڤتەوەری هەڵچنیوە و گەشەی ئازادییەکانی مرۆڤی مەبەستە و دەگەڵ دوو باوەڕە زاڵەکانی دیکە جیاوازی هەیە؛ ئەگەرچی بە کردەوە و لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی ئەندێشەکانی خۆی، دەبنە نیزامگەلێکی ئۆتۆریتە و دەسەڵاتخواز؛ بەڵام دوو باوەڕەکەی دیکە واتە فاشیسم و نازیسم، هەر لە بناخەوە دژی ڕەسەنایەتیی بایەخەکانی مرۆڤن وەک تاک.

فاشیسم بایەخی مرۆڤ بە گرێدراوی بە حاکمیەت و نازیسمیش بە ڕەگەزی ژێرمەن دەبەستێتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەو دوو ڕوانگەیە لە ئورووپا، مافی خاوەندارەتی، مافی ئازادیی ئایین و مافی مەدەنی یەکجار زۆر سست و شکێنەر بوون. لەم سەردەمە مێژووییەدا، هەرچەند لەبەر ئەوەیکە کۆمەڵگەی جیهانی سەرقاڵی دوو شەڕی ماڵوێرانکەری یەکەم و دووهەمی عالەمی بوو، دەرفەتێکی وەهایان نەبووە کە بە پرسەکانی مافی مرۆڤییەوە ڕابگەن بەڵام واژۆی بەڵگەی گرنگی وەک پەیمانی کۆمەڵگەی دەوڵەتەکان (میثاق جامعه ملل) کە ئاماژەی بە ڕێسا گشتییەکانی مافی مرۆڤ کردبوو، هەروەها جاڕنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی ٢٦ی ژوئەنی ١٩٤٥ کە لەودا پەرەدان بە پێوەندیی دۆستانە و ڕێز گرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکانی سەرنجی خستبووە سەر، زەمینەیەکی لەباریان بۆ ئامادە کردن و نووسینەوەی بەڵگە گرینگەکانی جیهانداگر و کامڵتر خۆش کرد کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی ٢١، بوونە یارمەتیدەری مرۆڤایەتی.

ئەم دەورانە پڕ لە سامە کە هاوکات دەگەڵ دوو شەڕی گەورەی ترسێنەر بوون، کاکڵی سەرەکیی سەرنج و بایەخ دان بە مافەکانی مرۆڤی ئەوڕۆیی خۆیا کرد. لەم بڕگە زەمەنییە بوو کە گرنگی نەدان بە مافەیلی بنیام وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دەستپێکی شەڕ و بەردەوام بوونی، ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند و بە گوورانی بیرۆکەی نووسینەوەی بەڵگەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی وڵاتانی سەرکەوتوو، بەستێنی ئامادەکردنی بەڵگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ ئامادە کرا. بایەخ و گرنگیی ئەم سەردەمە زۆرتر لە بواری پێکهاتنی بەستێنێکی لەبار بۆ داخوازیی مرۆڤایەتی لەمەڕ ڕاگەیاندنی بەڵگە دڵنیاکەرەوەکان لەسەر پرسەکانی مافی مرۆڤە کە لە دەورانەکانی دیرۆکی دواتر زیاتر دەگونجا، هەتا بڵاوکردنەوەی بەڵگە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش تێوەگلانی جیهان لە دوو شەڕی قورس و گرانی یەکەم لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨ و شەڕی دووهەم لە ساڵەکانی نێوان ١٩٣٩-١٩٤٥ بوو کە وەک سەردەمی کاریگەری سەدەکانی نێوەڕاست، هەرچەندە کە تێیدا لەبواری مافی مرۆڤییەوە گۆڕانکاری زۆر بەرچاو نەهاتە ئاراوە، بەڵام زەمینەی لەباری بۆ دەورانی دوای خۆی چەوڕێژ کرد.

جیلی دووهەمی مافەکانی مرۆڤ لەم چاخەوە دەست پێ دەکا. پەیامی فرانکلین ڕوزوێلت، سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا لە ١٦ی ژانوییەی ١٩٤١ بۆ کۆنگرە و وەبیرهێنانەوەی پێویستی هەبوونی سەرجەم تاکەکانی جیهان لە چوار ئازادی سەرەکی (ئازادیی بەیان، ڕاگەیاندن (چاپەمەنی)، دەرباز بوون لە ئاتاجی (نیاز)، ئایین و مەڕامی سیاسی) بە جیلی دووهەمی مافەیلی مرۆڤ دەژمێردرێن کە هەرچەندە دواتر کەوتنە ژێرکاریگەریی شەڕی سارد و هەتا ڕادەیەکی زۆریش دامرکا. بەشێکی دیکە لە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەک مافی دابین کردنی کۆمەڵایەتی، مافی کار و ئاستی بژێوی ژیان و پەروەردەی لەبار کە بە گونجاندنی کاریگەری وڵاتانی سۆسیالیستی لە دەقی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ زیاد کرا، لە پتەو کردنی ڕەوتی جیلی دووهەم قازانجی خۆی هەبوو.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:785 5 November 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# سوودەکانی شەڕ

«سوودەکانی شەڕ»، نووسینی ئاری بن موناشی و وەرگێڕانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، چاپ و بڵاو بۆوە.

ئەم کتێبە باس لە بەشێک لە ڕووداوە مێژووییەکانی دەیەی٦٠ی ئێران دەکا و یەکێک لە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانی خەیانەتی بەرچاوی کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندیی ئێران دەرهەقی گەل و وڵاتی ئێرانە.

وەک لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتوە: ئەم کتێبە دەمامک لە ڕوخساری ڕیاکارانە و فێڵبازانە و گەندەڵیی کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی دادەماڵن و بە ڕوونی نیشان دەدەن کە مەلاکانی حکوومەتی ئێران، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی عێراق بایی ٨٠ میلیارد دۆلار چەکوچۆڵەیان لە ئیسڕائیل کڕیوە و بەشێکی گرنگی ئەو دراوەشیان بە قازانجی خۆیان پاشقول داوە و خستوویانەتە حیسابی خۆیان لە بانکەکانی دەرەوەی وڵات. هەروەها نووسەری ئەم کتێبە بەڕوونی ئاشکرای دەکا کە بۆخۆی لەلایەن دەوڵەتی ئیسڕائیلەوە ڕاسپێردراوە بۆ وەرگرتن و دانی تەنیا ٥٢ میلیۆن دۆلار بە مەلاکان بۆ ئازادکردنی بارمتە ئەمریکاییەکان.

نێوەرۆکی ئەم کتێبە داستانی تاڵی کۆمەڵێک تەڵەکەبازی بە ڕواڵەت مەزهەبییە کە شمشێریان لەبن عەبای مەزهەبیی خۆیاندا شاردۆتەوە و بۆ دابینکردنی قازانجە تاکەکەسی و چینایەتییەکانی خۆیان، دەبنە داردەستی بێگانان و بە چەکی هەڵخەڵەتێنی مەزهەب، نەتەوەیەکی پێشڕەو دەگەڕێننەوە قووڵایی نەزانی و دواکەوتوویی سەدەکانی پێشتر و فڕێی دەدەنە نێو تاریکستانی هەژاری و نەداری و بێبەشی.




# «دیپلۆماسیی تیرۆر»




«دیپلۆماسیی تیرۆر، پلانی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات» ناونیشانی تازەترین بەرهەمی چاپکراوی بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

ئەم کتێبە وێڕای باسێکی گشتی لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تایبەت لەسەر پەروەندەی تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، و شەهید د. سادق شەڕەفکەندی، دوو سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەوەستێ کە وێڕای چەند کادرێکی دیکەی ڕێبەریی حیزب لە ئوتریش (١٣٦٨) و بڕلین (١٣٧١) بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون.

وەک نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردوە، بیرۆکەی ئەم نووسینەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کازمی دارابیی دارێژەر و ئامادەکاری کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانتی میکۆنووس دوای ئازاد بوونی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ ئێران بیرەوەرییەکانی خۆی لە دوو توێی کتێبێکدا لەژێر ناوی «نقاشی قهوەخانە» چاپ و بڵاو کردەوە. کاک عومەر باڵەکی دوای چاپ بوونی ئەم کتێبە لە زنجیرە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو دەبوونەوە، چەواشەکردنی ڕووداوی میکونووس لە گێڕانەوەی کازم دارابیی بردە ژێر پرسیار و پارادۆکس و ناتەباییەکانی نێوەرۆکی بیرەوەرییەکانی ناوبراوی بە بەڵگە و دیکیۆمێنتەوە خستە بەرچاو. تاوتوێ و بەدواداچوونی کار و بڕیارەکانی پۆلیس و دەزگای دادی ئەڵمان لە پەروەندەی ناسراو بە "میکۆنووس"دا و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ شێوەی مامەڵەی دەزگای دادوەریی ئوتریش بەشێکی دیکە لە نێوئاخنی ئەم کتێبە پێک دێنن.



# چریکەی بێستوون


ئەنوەر عەزیزیان

حوسێن سەفامەنش یەک لە سیما ناسراوەکانی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییە. ئەو هونەرمەندە بوێر و گەل خۆشەویستەی کورد ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لە پارێزگای کرماشان مەڵبەندی مێژوو ئەوین لەدایک بووە. لە دەورانی خوێندنی سەرەتای هەستی خۆشەویستیی گۆرانی لا دروست دەبێ و، هومێدی تەمەن و خۆلیاکانی تێدا دەبینێتەوە. ئەم ئارەزووە ڕەنگینە حوسێن قووڵتر پەلکێشی گۆرەپانی ئاواز و مۆسیقا دەکا. وەک بۆخۆی دەڵێ دەنگی هونەرمەندی ئوستورەی کورد ناسر ڕەزازی دەبێتە سەرچاوە و هەڵدەڕژێتە پێدەشتی هونەری سەفامەنشەوە و ڤەژەنی ئاواز لەو سیمایەوە دەگەشێتەوە و ڕووحی پتر بە ناخی میلۆدی و زمانی گەلەکەیدا ڕۆ دەچی و، لە شنەی ئەم خەیاڵەوە تەیری هومێدی باڵ دەگرێ و لە شاری مەهاباد دەگیرسێتەوە.

حوسێن سەفامەنش لە مەهاباد لەگەڵ هونەرمەندان موحسێن گوڵپەرست، نەوزاد خەتات و لاوک لەتیف، ئاشنا دەبێ و یەکەم بەرهەمی هونەریی خۆی بەناوی «خویشگە خاسەکەم» تۆمار دەکا کە دەبێتە مایەی دڵخۆشیی ئۆگرانی هونەر. دەنگدانەوەی دەنگخۆشی زیاتر دەنەی حوسێنی لاو دەدا و بە شوێن بەستە و مقەامات و هۆنراوەدا دەخولێتەوە و، وەک ئاشقێکی بێقەرار ئارامیی لێ هەڵدەگیرێ و لە ڕاوێچکەی ئێوارانی خەوخەیاڵی بە دەوری ئەو سۆزەدا دەسوڕێتەوە.

سەفامەنش ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کرماشان و لە تالاری برق کونسێرتێک بە شێوازی پاپ پێشکەش دەکا، ئەم جارەشیان سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و چریکەی دەبێتە سەمفۆنیایەک و ئارامی بە کۆمەڵگەی وڵاتەکەی دەبەخشێ و بە ئەزموونێکی کامڵترەوە شۆڕ دەبێتەوە نێو زەریای هونەر و سەر بە گێژاو و شەپۆلەکان دادەکا و لە ڕاز و لرفە و هاوار و هەڕەشەیان تێدەگا و هیوایەتێکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێ. بەمجۆرە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی ئالبۆمی «ئێوارە» (غروب) لە کازیوەدا دەگەشێتەوە.



لە درێژەی ئەم چالاکیە هونەرییانەدا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ناوەندی ئێران کۆ ڕ و کۆنسرت دەگێڕێ و لە فستیڤاڵی مووسیقیی سوننەتیی شاری تاران خەلاتی یەکەم بە دەست دێنێ، پاشان سروشتی وڵاتەکەی بێشکەی ئارامی ڕادەژێنێ و باکراوەندی تێروتەسەل لە ژێی ساز و پەردەی مووسیقا و ئاوازی گەلەکەی دەبنە تریفەی ئەستێرە و هەیبەتی نیشتمانەکەی زینەتی گۆرانی و تەحریری سۆزی دەگەشێنێتەوە. ئیتر شەوارەی ترس و تۆقان شەفەقی گلێنەی پێدانایە و، ڕۆچنەی ئاسۆی داناپۆشێ و وەک سروەی بەیانیی زاگرۆس لە زمانی شیرینی لەکی، کەڵهوری، سۆرانی، هەورامی و، کرمانجیەوە دەشنێتەوە.

هونەری حوسێن ناسنامەی نیشتمانێکە، کە میراتگری مێژوی گاتاکانی زەردەشت و سیمای شارستانیەتی کەونارای یارسانە کە لە ژێیەکانی تەلموورەوە دەنوێنێ، ئەو گەلەی ماد لە ئاوێنەی ڕواڵەتیدا دەدرەوشێتەوە، دەستی پێ لە شکۆی خۆی هەڵناگیرێ و ناهێڵی گەردەلولی پیلان و دەهۆی داگیرکەران دیمەنی سروشتی بشێوێنێ و ڕۆڵەی وڵاتپارێز و تۆرەمەی لە خوێنی خۆی دەخاتەوە. سەفامەنش لە گرکانی لاوژەی ئەم ئاهورایەوە سەری هەڵداوە و، هەستی لە فۆڕم و نەوای مێژووی سەرسەخت و لە ئاونەچووی سیاچەمانەوە هەڵ قوڵاوە و لە سەنگەری چیا و هەیبەتی کوردایەتیدا باڵای کردوە و، دژ بە هەژموونیی چەوتی دەسەڵات و بنەبڕ کردنی قەڵافەتی ئازادی ڕاساوە و حاشا لە پاوانخواز نەریتییەکان دەکا و لە ڕوانگەی یاساییەوە بۆ مافی ڕەوای دەڕوانێ و هانا دەباتە بەر ویژدانی مرۆڤایەتی و داوای تەبایی جیهان دەکا و، بانگەوازی ئاشتیخوازانەی گەلەکەی دەسەلمێنێ.

وەک ئاشکرایە ماوەی چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە هەموو جورێک دژی زمان و هونەری گەلی کورد وەستاوەتەوە و بە هەر چەشنێک بۆی کرابێ، لە هەوڵی سڕینەوەی مێژووی وڵاتی کورداندا بووە، بەڵام هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەم زێدە زێڕینە مۆڵەتی پاستاوکردنی خاکەکەیان بەو دەسەڵاتە مرۆڤکوژە نەداوە و زمان و هونەریان لە قەوارە و شکۆی خۆیدا هێشتۆتەوە و، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی خۆشەویستدا هەروا لە گەشەکردندایە، ئەوینی ئەم ڕێبازە پیرۆزی خۆی پاراستوە و، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەوە و تەرت و هەڵەمووتەکانی بڕیوە و بەرەو لووتکەی هیواکانی هەڵکشاوە، بۆیە ئاسۆی لێ نزیکە و تیشکی خۆری تێڕژاوە.

ئەم هۆنەرە تەنیا لە خەیاڵ و وشەدا ڕەسالەتی کۆ ناکرێتەوە و ڕستەی کورتی ئەم بابەتەش دەستی بە باڵی هەڵناگا و قاموسی زمان و هەستی پێ نانووسرێ و ڕازی دڵی ناکاتەوە، هەر ئەوەندی لێدەزانێ بەرامەی ئەو تۆپە گوڵە چوار سنووری داگرتوە و ڕەنگی هەڵگورد و، کوچکەڕەش و، بێستوونی لێ نیشتووە.

# خەڵاتی فستیڤاڵی فیلمی شیکاگۆ بە شارام موکری درا

فیلمی «جنایت بیدقت» بەرهەمی شارام موکری، دەرهێنەری کوردی خەڵکی شاری کرماشان، لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی شیکاگۆ، خەڵاتی «هۆگۆی زیو»ی بەدەست هێنا.

ئەو فیلمە لە ٥٦ـەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی شیکاگۆ پیشان درا کە لە ڕۆژانی ٢٣ی ڕەزبەر هەتا ٤ی خەزەڵوەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەڕێوە چوو. ئەمە دووهەمین خەڵاتە کە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان دەدرێ بەو فیلمە. «جنایت بیدقت» پێشتریش خەڵاتی باشترین سیناریۆی ئۆرجینالی ئەنجومەنی ڕەخنەگرانی سەربەخۆی لە ڤێستیڤاڵی «ڤێنیز» لە وڵاتی ئیتالیا وەدەست هێنابوو.




«شارام موکری» لەدایکبووی مانگی گەلاوێژی ساڵی ٥٧ی هەتاوی لە کرماشانە و ساڵی ٩٠ی هەتاوی یەکەم چالاکیی خۆی لە کورتە فیلمی فارسیی «طوفان سنجاقک»دا دەست پێ کردوە.

# «نانی پیرۆز» چووە پێشبڕکێی فیلمی «ئیدفا»



«نانی پیرۆز» لە دەرهێنانی خوالێخۆشبوو «ڕەحیم زەبیحی» و لە بەرهەمهێنانی «توورەج ئەسڵانی» لە بەشی پێشبڕکێی سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی فیلمی «ئیدفا»ی هۆڵەند، گرینگترین فیستیڤاڵی فیلمی دیکۆمێنتاریی جیهان وەرگیرا.

فیلمی دیکۆمێنتی «نانی پیرۆز» (Holy Bread) دوایین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردووی کورد «ڕەحیم زەبیحی»یە و یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا بە نوێنەرایەتی سینەمای ئێران، لە بەشی پێشبڕکێی «فیلمە نیوە بڵیندەکانی ئەم فستیڤاڵەدا پیشان دەدرێ.

ڕەحیم زەبیحی ساڵی ١٣٥٠ لە شاری بانە لەدایک بووە و ماوەی ٢٠ ساڵ لە بواری هونەرە شانۆییەکان وەکوو دەرهێنەر و شانۆنامەنووس چالاکی کرد و ساڵی ١٣٨١ یەکەمین کورتە فیلمی خۆی بە ناویی «هاوار» بەرهەم هێنا. «ساتەلایت»، «دەرچوون»، «کۆتایی شەڕ»، «دڵەڕاوکێ»، «پیاوێک کە چوو بۆ سەیران» چەند بەرهەمێکی دیکەی ئەو هونەرمەندە کوردە کۆچکردووەن.

ئەم دەرهێنەرە کوردە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٧ لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا لە جادەی گوندی «نێزەڕۆ»ی بانە لە ڕووداوێکی هاتوچۆی گوماناویدا گیانی لەدەست دا.